# ئێمە شانازی بەوە دەكەین كە كوردەكانی عێراقو هێزە سیاسی‌یەكانیان لەماوەی ١٢ ساڵی ڕابردوودا، توانیویانە نموونەیەكی باشی خۆ بەڕێوەبردن بخەنە پێش چاوی كۆمەڵگەی نێونەتەوەیی‌و لە پرۆسەی گۆڕینی عێراقیش‌دا نەخشی بەرچاویان هەبووە.


دێموٚكراسی بۆ ئێران      خودموختاری بۆ كوردستان

# كوردستان


## پێك هاتنی پلینۆمی كۆمیتەی ناوەندی بۆ باس لەسەر وەزعی عێراقو ناوچە

كۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران هەڵبژێراوی كۆنگرەی دوازدەهەم، سەعات ٩ی بەیانیی ڕۆژی شەممۆ ٣٠ی خاكەلێوەی ساڵی ١٣٨٢ی هەتاوی بەرانبەر بە ١٩ی ئاوریلی ٢٠٠٣ی زایینی، نۆهەمین پلینۆمی خۆی بە بەشداریی زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی ئەسڵی، جێگرانو موشاویرانی كۆمیتەی ناوەندی پێك هێنا.

لە سەرەتای كاری پلینۆم دا هاوڕێی تێكۆشەر عەبدوڵڵا حەسەن زادە سكرتێری گشتیی حیزب باسێكی سیاسیی لەسەر وەزعی ناوچەو ڕووداوەكانی ئەم دواییانەی عیراق وەك ڕوانگەو بۆچوونەكانی دەفتەری سیاسی لەو پێوەندییەدا پێشكێش كرد. پاشان هاوڕێیانی ڕێبەرایەتیی بەشدار لە پلینۆم دا بە وردی لەسەر مەسەلەكان دوان و بۆچوونی خۆیان لەسەر هەركام لە مەسەلەكان دەربڕی.

پلینۆم لە كۆتایی كاری خۆی لە پێوەندی لەگەڵ وەزعی ناوچەو ئاڵوگۆڕەكانی پێك هاتوو لە عیراقدا، ڕاو بۆچوونو ڕوانگەی كۆمیتەی ناوەندیی لە بەیاننامەیەك دا دەربڕی.

پلینۆم سەعات ٦ی ئێوارەی هەمان ڕۆژ كۆتایی بە كارەكانی خۆی هێنا. سەرنجتان بۆ دەقی بەیاننامەی كۆمیتەی ناوەندی ڕادەكێشین:


ئۆرگانی كۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموٚكراتی كوردستانی ئێران | ٣١ی خاكەلێوەی ١٣٨٢ | ٢٠ی ئاوریلی ٢٠٠٣ | ژمارە ٣٦٣ | ١٥٠ تمەن


# ئەمریكا بە جێبەجێكردنی بەڵێنەكانی لە بارەی خاشەبڕ كردنی دیكتاتۆری‌و گۆڕینی سیمای سیاسیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەتوانێ ڕێزو خۆشەویستیی سەدان میلیۆن كەس لە گەلانی تینووی ئازادی‌و دادپەروەری لەم ناوچە گرنگەی جیهان بۆ لای خۆی ڕابكێشێ.





شادیی خەڵكی شارەكانی كوردستانی عێراق بە بۆنەی دەست پێكردنی هەلومەرجێكی نوێ لە وڵاتەكەیان‌دا

## بەیاننامە

شەڕی ئەمریكاو هاوپەیمانەكانی بە دژی دەوڵەتی عیراق لە ڕاستی دا تەنیا سێ حەوتووی خایاند. پاش ئەوەی ڕۆژی ١٩ی خاكەلێوەی ١٣٨٢ (٨ی ئاوریلی ٢٠٠٣) ریستۆرانێك لە گەڕەكی "المنصور"ی بەغدا ـ كە گومان دەكرا صدام حسینو كوڕەكانی‌و بەشێك لە سەركردە نیزامی‌یەكانی عیراق لەوێ كۆبوونەوەیان هەبێ ـ بۆمباران كرا، بۆ بەیانی نیشانەیەك لەدەسەڵاتی دەوڵەتی (نیزامی، ئەمنیەتی، ئیداری‌و. . .) لە بەغدا دا نەماو چونكە پێشتر بەسرەو زۆر لە شارەكانی جنووبی عیراق گیرابوون، ئەم ڕووداوە بە كۆتایی دەسەڵاتی صدّام حسینو حیزبی بەعس لە عیراق دانرا. هەربۆیە لە بەغداو شارەكانی دیكەی عیراق لە هەرجێ دەرەتان هەبوو بە تایبەتی لە كوردستان خەڵك ڕژانە شەقامەكانو كردیانە جێژن. بەدوای ئەوەدا ئەگەرچی لێرەو لەوێ هێندێ بەرەنگاریی پەرش‌و بڵاو بینرا، بەڵام زۆربەی شارەكانی دیكەو بۆ وێنە دوو شاری گەورەی مووسڵ‌و كەركووك بێ‌خۆڕاگری تەسلیم بوون تا سەرەنجام ڕۆژی ٢٥ی خاكەلێوە شاری تەكریتیش گیراو بە كردەوە شەڕ كۆتایی هات.


هەروەك لە هەموو شەڕێك چاوەڕوان دەكرێ، ئەم شەڕەش كە تازەترین تەكنۆلۆژیی شەڕی تێدا بەكار برا، زەرەرو زیانێكی زۆری گیانی‌و ماڵیی لێ‌كەوتەوە كە ڕوون بوونەوەی ڕادەو ژمارەی وردی پێویستیی بە وەختێكی زۆرتر هەیە. بەڵام جێی خۆشحاڵی ئەوەبوو كە هێندێ نیگەرانی لە پەلاماری مووشەكیی ئەرتەشی عیراق بۆ سەر كوردستانو وڵاتانی دراوسێ‌و بەكارهێنانی چەكی كۆمەڵكوژو ئاوردانی چاڵە نەوتەكان نەهاتنەدی‌و لەمانەش گرنگتر، بە لەبەرچاوگرتنی قورسی‌و بەربڵاویی بۆمبارانو موشەكبارانەكە دەكرێ بڵێین تەلەفاتی گیانی لە نێو خەڵكی بێدیفاع دا زۆر نەبوو. دیاردەی جێگای داخ هەر ئەو بێ‌سەرەوبەرەیی‌و تاڵانو بڕۆیە بوو كە بەغداو زۆربەی شارەكانی عیراقی گرتەوەو لە هێندێ جێگا گەیشتە پاكانە حیسابو تۆڵەسەندنەوەش، هەرچەند لە چوارچێوەیەكی بەرتەسك دا.

پێش هەڵگیرسانی شەڕو لە ڕۆژانی شەڕیش دا لە بەشێكی زۆری وڵاتانی جیهان، لەوانە ئەمریكاو بریتانیا خۆپێشاندانی بەرین لە دژی شەڕ وەڕێ خران، بەڵام ئەمریكاو بریتانیا بە پێی سیاسەتی ڕاگەیەندراوی خۆیان شەڕەكەیان دەست پێ كردو ناوی شەڕی ڕزگاركردنی عیراقیان لەسەر دانا. ئێستا كە هەروەك چاوەڕوان دەكرا، شەڕەكە بە سەركەوتنی هاوپەیمانانو ڕووخانی دەوڵەتی عیراق تەواو بووە، خەڵكی جیهان چاوەڕێن بزانن لایەنی سەركەوتوو چۆن ڕەفتار دەكاو تا چ ڕادەیەك بە بەڵێنەكانی وەفادارە.

٢

والی ستریت ژۆرنال:

## بەرنامەی سەركۆماری ئەمریكا بۆ جیگیر كردنی دیمۆكراسی لە ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاستدا



ڕۆژنامەی "وال ستریت ژورنال" لە ژمارەی ڕۆژی ١٤ی ئاوریلی ئەمساڵی خۆی‌دا نووسی: لە مانگی فیوریەی ڕابردوودا جۆرج بووش لە وتارێكی خۆی لە ئەنیستیتۆی American Enterpriseدا گوتی: جێگیر كرنی ڕێژیمێكی تازە لە عێراق وەك نموونەیەك لە ئازادی بۆ وڵاتانی دیكە سەیری دەكرێ. ناوبراو هەروەها گوتی لە جیهانی عەرەبدا پێویستی بە ریفۆرمی نێوخۆیی، بەشداریی پتر [ی خەڵك] لە كاروباری سیاسی‌دا، ڕاستوێژی لە ئابووری‌و ئازادیی بازرگانی هەست پێدەكرێ. ئەم وشانە ڕەنگە بۆ زۆر لە ئەمریكایی‌یەكان یاری كردن بە وشەكان بێ، بەڵام لەڕاستی‌دا ڕینوینو بەرنامە بۆ ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاستن. هیندیك لە هاوپەیمانانی ئەمریكا لە ناوچەدا وەك عەرەبستانو كووەیت، بە دڵنیایی‌یەوە دەڵێن لە دیمۆكراسی بێ‌بەشن، توركیەش كە وڵاتیكی دیمۆكراتیكە، نیشانی داوە كە لەكاتی تەنگانەدا، بۆ ئەمریكا وڵاتیكی جیگەی متمانە نیە. كردنی عیراق بە هۆنگ كۆنگیكی دیمۆكراتیك لە جیهانی عەرەبدا، هەنگاویكی ئازایانەیە، بەڵام هەر لەوكاتەدا، پرمەترسی‌یە. هەر ئەم هۆیانە بوون بە هۆی پیكهاتنی ئەو كیشەیە كە بنیاتنانەوەی عیراق دەبێ لەژیر چاوەدیریی كێ دابێ؟ تۆنی بلیر سەرۆك وەزیری بریتانیاو هەروەها هیندیك لە ئەندامانی كۆنگرەو كەسانی دیكەش فشار بۆ ئاغای بووش دینن كە ڕیگا بدا ڕیكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان چاوەدیریی بنیاتنانەوەی عیراق بكا.

## دەسكەوتەكانی ڕەفسنجانی لە هینانە گۆری پیشنیاری ریفراندۆم لە بارەی وتوویژ لەگەل ئەمریكا!

لە بەرەبەری سەركەوتنی ئەمریكاو هاوپەیمانانی لە شەر بە دژی حكوومەتی عیراقدا ڕۆژنامەكانی ئیران نیوەرۆكی وتوویژیكی ڕەفسەنجانی سەرۆكی مەجمەعی تەشخیسی مەسلەحەتی نیزامیان لەگەڵ بڵاوكراوەی "راهبرد" كە هیشتا چاپو بلاو نەببۆوە، ئاشكرا كرد. ڕەفسەنجانی لەو وتوویژەدا داوا دەكا مەسەلەی وتوویژ لەگەڵ ئەمریكا بەو مەجمەعە بسپیردرێ تا لە ریگای ریفراندۆمەوە دەنگی خەلكی بۆ وەربگیرێ.

ڕەفسەنجانی لە هەلومەرجیكدا ئەو بیرۆكەیەی هینابووە گۆرێ كە هەم داخوازی پیویستیی وتوویژ لەگەڵ ئەمریكا لە نیو خەلكو ریفۆرمخوازانی نیو دەسەڵاتدا، لە هەمووكات زیاتر داواكاری هەیە، هەم بە بۆنەی خۆسازدانی ئەمریكا بۆ ڕووخاندنی حكوومەتی عیراقو بوونی هیزەكانی لە دراوسییەتیی ئیراندا، كۆماری ئیسلامیی لەگەڵ نیگەرانی‌و مەترسی‌یەكی كەم وینە بەرەوروو بووە. ناوبراو وەك چەند سالی رابردوو ویستی ئیبتیكاری دەست پیكردنی وتوویژ لەگەڵ ئەمریكا بە ناوی خۆی تەواو بكاو لە دەستی خۆی بگرێ. بەڵام ئەگەر سالیك لەوە پیش ئەمریكایی‌یەكان وەڵامی ڕەتیان دایەوەو گوتیان ئیمە لەگەڵ كەسانیك ئامادەی وتوویژین كە هەلبژیردراوی خەلك بن، ئەمجار پیش ئەوەی ئەمریكایی‌یەكان دژ كردەوە نیشان بدەن، هەم توندرەوەكان بەبۆنەی هینانە گۆری ئەم پیشنیارە هیرشیان كردەسەر، هەم خاتەمی‌و بەناو ریفۆرمخوازانی نیو حاكمییەت لە دژی ئەو پیشنیارە دوانو گوتیان وتوویژ لەگەڵ ئەمریكا پیویستیی بە ریفراندۆم نیە. دیارە ڕەفسەنجانی ئەو پیشنیارەی چەند حەوتوو بەر لە قسەكانی خامەنەیی لە خوتبەی نویژی هەینیی ٢٢ی خاكەلیوەدا ـكە هەمووی هیرش بۆ سەر ئەمریكا بووـ هینابووە گۆرێ. ئەگەر ڕۆژنامە ریفۆرمخوازەكان لییان لە قاو نەدابا، لەوانە بوو جارێ سەرپۆشی لە سەر دابنێ، بەڵام تازە كار لەكار ترازا بوو!


هەوڵی قۆڵی بەناو ریفۆرمخواز بۆ پاساودانەوەی شكستو پاشەكشەكانی خۆی ٢

بڕیاری دادگای میكونووس، بەڵگەی ئاشكراو حاشاهەڵنەگری تیرۆززیزمی دەوڵەتیی كۆماری ئیسلامی ٣

توركیەو ئێران، نیگەرانی‌و پیلانی هاوبەش ٤

سازانی قۆڵی بەناو ریفۆرمخوازی دەسەڵات لەگەڵ شووڕای نیگابان ٥

ڕۆژنامەنووسیی كوردی‌و ئەركەكانی سەردەم ٨

خەسارێكی گەورە كە قەرەبوو ناكرێتەوە ٩

ماڵپەڕێك بۆ شەهیدان لە جیهانی ئینتێرنێتدا ١١




# بەیاننامە

**دریژەی لاپەری یەک**

دەزانین کە ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بە دروشمی پەرەپیدانی دیموکراسیو ریشەکیشکردنی تیرۆریزمەوە شەری ئەم دوایییە بە دژی عیراقیان دەست پیکرد. جیگای سەرنجە کە لەو پیوەندییەدا ریزە هاوکارییەکیشیان لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی عیراق، بە تایبەتی ئۆپۆزیسیۆنی کورد کردو لە مەیدانەکانی شەریش دا نەخشیکی بەرچاویان بە ئۆپۆزیسیۆنی کورد سپارد. ئەمە جیگای خۆشحالییە کە ئەمریکا لە زۆر بۆنەدا رایگەیاندوە کە پاش دەورەیەکی کورتی گوازتنەوە دەسەلاتی عیراق دەداتەوە دەستی عیراقییەکانو لەبارەی کوردەکانیشەوە پشتیوانیی لە دامەزرانی سیستمیکی فیدرالی لە عیراقدا کردوە کە لەودا کوردەکان بە مافی نەتەوایەتیی خۆیان و مافی هاونیشتمانەتیی بەرامبەر لەگەڵ هەموو عیراقییەکان شاد بن.

دروشمیك کە ئەمریکا پیی هاتۆتە نیو شەری دژی عیراقەوە "دیفاع لەئازادیو دیموکراسیو خەبات دژی تیرۆریزم" جیگای پشتیوانیی بەشی هەرەزۆری ئۆپۆزیسیۆنی عیراقو ئازادیخوازانی ولاتانی دیکتاتۆر لیدراوی دیکەشە. ئەوە کە ئەمریکا وەك گەورەترین دەسەلاتبەدەستی ئەمرۆی دنیا باس لە گۆرینی سیمای سیاسیی رۆژهەلاتی نیوەراست ـ بە مانای لەنیوبردنی دیکتاتۆریو سەقامگیرکردنی ئازادیو دیموکراسی لەم ناوچەیەدا ـ دەکا، تروسکەی هیوا دەخاتە دلی گەلانی زۆرلیکراوی ناوچەو خەلکانی گیرۆدەی دەستی زۆرداریو کۆنەپەرستی. ئیمەش وەك حیزبیکی کوردستانی کە نوینەرایەتیی بەشیکی زۆر گرنگی کۆمەلی کوردەواری دەکا، لە پشتیوانیی ئاشکرای ولاتە یەکگرتووەکان لە مافە رەواکانی خەلکی کوردستانی عیراق خۆشحالینو بە دلەوە چاوەریی رۆژیکین کە ئەو پشتیوانییە بە کردەوە پیادە بکریو ببیتە شتیکی رەسمیو چەسپاو و قانوونی.

بەلام هەر لەو کاتەدا هەموومان دەزانین کە نە عیراق تەنیا ولاتی کوردنشینەو نە ئازادیو دیموکراسی تەنیا لە عیراق دا پیشیل کراوە. هەر بۆ نموونە ولاتی خۆمان ئیران خاوەنی حەشیمەتیکی دە میلیۆنی لە رۆلەکانی نەتەوەی کوردە کە لە مافو ئازادییە نەتەوایەتییەکانیانو هەروەها لە مافی بەرابەری هاونیشتمانەتییش بیبەشن. دوژمنایەتیی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئاشتیو ئازادیو دیموکراسیو هەولدانی بۆ پەرەپیدانو بۆ دەرەوە ناردنی تیرۆریزمیش شتیك نین کە پیویستییان بە بەلگە هەبیو لەو بوارانەدا ریژیمی ئیسلامی لە دنیادا بەناوبانگە.

بەم جۆرە ئازادیخوازانی ولاتانی رۆژهەلاتی نیوەراست بە پەرۆشەوە چاوەروانن ببینن کە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەلینەکانی خۆی لەبارەی سپاردنی چارەنووسی عیراق بە دەستی عیراقییەکانو کۆمەگ بە سەقامگیربوونی ئازادیو دیموکراسی لەم ولاتەو هەر لەو کاتەدا بە ئاکام گەیاندنی رەوتی وتوویژەکانی ئاشتی لە نیوان ئیسرائیلو فەلەستینییەکان دا بەجێ گەیاندوەو شیلگیرانە لە خەباتی هیزە دیموکراتو نیشتمانییەکان بۆ خاشەبرکردنی دیکتاتۆریو گۆرینی سیمای سیاسیی رۆژهەلاتی نیوەراست پشتیوانی دەکا. لەو کاتە دایە کە ئەمریکا دەتوانێ ریزو خۆشەویستیی سەدان میلیۆن کەس لە گەلانی تینووی ئازادیو دادپەروەری لەم ناوچە گرنگەی جیهاندا بۆ لای خۆی رابکیشێ. لە حالەتیکی وادا گرنگ نیە کە هیندێ ریژیمی دژی گەلیی وەك کۆماری ئیسلامی کە زراویان لە لەقبوونی پایەکانی دەسەلاتی جەهەننەمیی خۆیان چووە چۆن قەزاوەت دەکەن. گرنگ ئەوەیە کە گەلانی ناوچەو خاوەنانی ئەسلیی دوارۆژی ئەم ناوچەیە چۆن دەروانننە سیاسەتو کردەوەکانی ئەمریکا، یان هەر دەسەلاتیکی ناوچەییو نیونەتەوەیی.

> **ئەوپەری ریزمان بۆ بریاری خەلکی عیراق لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان دا هەیە. هەرکات ئەوان بە ئیرادەی ئازادی خۆیان سیستمی حکوومەتیی دلخوازی خۆیان هەڵبژێرن پیرۆزباییان لێدەکەین و "دەستخۆش"یش بەو هیزە لاوەییانە دەلیین کە لەو بوارەدا یارمەتییان داون.**

لە کۆتایی دا حەز دەکەین بلیین ئەوپەری ریزمان بۆ بریاری خەلکی عیراق لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان دا هەیە. هەرکات ئەوان بە ئیرادەی ئازادی خۆیان سیستمی حکوومەتیی دلخوازی خۆیان هەڵبژێرن پیرۆزباییان لیدەکەینو "دەستخۆش"یش بەو هیزە لاوەییانە دەلیین کە لەو بوارەدا یارمەتییان داون. ئەوەی دەگەریتەوە سەر کوردستانیش، ئیمە شانازی بەوە دەکەین کە کوردەکانی عیراقو هیزە سیاسییەکانیان لە ماوەی ١٢ سالی رابردوودا توانیویانە نموونەیەکی باشی خۆبەریوەبردن بخەنە پیش چاوی کۆمەلگای نیونەتەوەییو لە پرۆسەی گۆرینی عیراقیش دا نەخشی بەرچاویان هەبووە. بە دلەوە دەستخۆشو پیرۆزباییان لیدەکەینو ئاواتەخوازین ئەمە کۆتایی مەینەتییەکانیان بیو لەگەڵ باقیی هاونیشتمانەکانیان نموونەیەکی سەرکەوتووی ئاشتیو تەباییو برایەتیو پیکەوە ژیان بۆ گەلانی ولاتانی دراوسێ بەدەستەوە بدەن.

بە ئاواتی وەدیهاتنی ئاشتیو ئازادی و دیموکراسیو مافی مرۆڤو مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ هەموو گەلانی ناوچەی رۆژهەلاتی نیوەراست.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران
کۆمیتەی ناوەندی
٣٠ی خاکەلیوەی ١٣٨٢

# هەولی قۆلی بە ناو ریفۆرمخواز بۆ پاساودانەوەی شکستو پاشەکشەکانی خۆی

بە بنبەست گەیشتنی ریفۆرمەکانی قۆلی بە ناو ریفۆرمخوازی نیو دەسەلاتو شکستهینانی هەولەکانی، وایان لەم قۆلە کرد تا دوو گەلالەی دەولەتی محەمەد خاتەمی سەبارەت بە دیاریکردنی چوارچیوەی دەسەلاتی سەرکۆماریو هەلگرتنی چاوەدیریی ئیستیسوابیی شوورای نیگابان بینیتەوە گۆرێ، گەرچی ئەم دوو گەلالەیە لە لایەن نوینەرانی مەجلیسی شۆرای ئیسلامییەوە پەسند کران. بەلام یەکیك لەم گەلالانە بە بیانووی ئەوەی لە هیندیك بوارەوە دژی قانوونی ئەساسیو شەرعی ئیسلامە رەت کرایەوەو گەلالەی دیاریکردنی چوارچیوەی دەسەلاتی سەر کۆماریش بە پیی قسەی دەفتەری راگەیاندنی شوورای نیگابان بێ ئەملاوئەولا رەت دەکریتەوە.

مەبەستی دەولەتی خاتەمیو بەگشتی قۆلی بە ناو ریفۆرمخوازی نیو حاکمییەت لە هینانە گۆری ئەو دوو گەلالەیە، بۆ ئەوە بوو کە بێ دەسەلاتیی خۆیان لە چاوی لایەنگرانیان بشارنەوەو نەهیلن لەوان هیوابراو بنو بەم شیوە وا لە لایەنگرانی خۆیان بگەیەنن کە ئەم قۆلە هەروا لە سەر هەلویستەکانی خۆی سوورەو لە پیناوی وەدیهینانی ئەو بەلینانەی بە خەلکی داون هەول دەدا، بەلام بەرتەسکیو نارروونیی چوارچیوەی دەسەلاتی سەر کۆماری لە لایەکەوەو کەلك وەرگرتنی شوورای نیگابان لە چاوەدیریی ئیستیسوابی کە بیانوویکە بۆ رەتکردنەوەی کاندیداکانی سەر بەم قۆلە لە لایەکی دیکەوە، دەبنە هۆی ئەوەکە دەولەت نەتوانێ ئەو ئەرکو بەلینانەی کە ئەم قۆلە وەك سیاسەتی خۆی دیاری کردون جیبەجێ بکا؟!

ئیدیعایەکی ئەوتۆ کە لە بەر ناروونیی چوارچیوەی دەسەلاتی سەرکۆماری لە قانوونی ئەساسیی ریژیم دایە کە خاتەمی ناتوانێ بەلینەکانی خۆی بەریتە سەر، پاساوی دەستەوەستانیو بێ باوەریی دەولەت بە ئەنجامی ریفۆرمە ئەساسییەکان ناداتەوە. چونکە محەمەدی خاتەمی بەر لەوەی خۆی بۆ سەرکۆماری کاندیدا بکا شارەزاییەکی باشی لە نیوەرۆکو بەندەکانی قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامی هەبووو ویرای ئاگاداری لە بەندەکانی ئەم قانوونەو رادەی روونیو ناروونیی دەسەلاتی سەرکۆمار، ئەم بەر پرسایەتییەی وەئەستۆ گرتووەو سەرەرای ئاگاداری لە سنووری ئەم دەسەلاتە، ئەو بەلینانەشی بە خەلك دابوون. کەوابوو بە بنبەست گەیشتنی ئەو ریفۆرمانەی کە مەبەستی قۆلی بەناو ریفۆرمخوازی نیو حاکمییەت بوون. بە بێ لە بەرچاو گرتنی ئەو کەموکووریو ناتەواوییانەی لە قانوونی ئەساسیی جیگای پەسندی خاتەمیو ئەم قۆلەدا هەن، تەنیا لە بەر دەستەوەستانیو بێ بروایی قۆلی ناوبراو بە ریفۆرمو وەدیهینانی لانیکەمی ویستەکانی خەلك بوو. شتیك کە کەسایەتیو حیزبو ریکخراوە دیموکراتەکان لە کاتی خۆیدا ئاماژەیان پێ کردو هەولیان دەدا لە قاوی بدەنو ئەو راستییە بسەلمینن کە لایەنگرانی ئەم قۆلە خەیالیان خاوە.

گەلالەیەکی دیکەی قۆلی ناسراو بە ریفۆرمخواز کە لە لایەن مەجلیسەوە پەسند کراوە بە پیی قسەی دەفتەری راگەیاندنی شوورای نیگابان بێ سێودوو لە لایەن ئەم شوورایەوە رەت دەکریتەوە، هەلگرتنی چاوەدیریی ئیستیسوابیی شوورای نیگابانە. سەرەرای ئەوەی کە چاوەدیریی شوورای نیگابان لە ژیر هەر ناویكدا بێ بە سەر هەلبژاردندا نارەواو نابەجێیە، بەوحالەش لە بنەرەترا مەبەستی قۆلی ریفۆرمخواز لە هینانە گۆری گەلالەیەکی ئەوتۆ لەلایەن دەولەتەوە بۆ تەختکردنی ئەو کۆسپانەیە کە لە سەر ریگای تەئییدکردنی سەلاحییەتی کاندیداکانی ئەم قۆلەدان. قۆلی ناوبراو پیی وایە بە هەلگرتنی چاوەدیریی شوورای نیگابان، دەتوانێ ژمارەیەکی زۆرتر نوینەر بنیریتە مەجلیس. ئەمەش لە حالیك دایە کە هەر ئیستاش قۆلی ناوبراو لە مەجلیسی شوورای ئیسلامیدا زۆرینەی کورسییەکانی مەجلیسی بەدەستەو ئەوەی کە بۆتە کۆسپی سەر ریی پەسند کرانی گەلالەو پرۆژەکانی ئەم قۆلە تەنیا نیوەرۆکی راستەقینەی ریژیمو پیکهاتەی سەرەکیو بیروباوەرە کۆنەپەرستانەکەیەتیو ئەمەش بۆ خۆی بەلگەیەکی دیکەی بێ توانایيو بێ باوەریی دەولەتی خاتەمی بە ئیسلاحاتو تەنانەت وەدیهینانی لانیکەمی ئەو شتەیە کە ئیددیعای دەکا.

قۆلی ناسراو بە قۆلی ریفۆرمخوازی نیو دەسەلات پاش رەتکردنەوەی ئەو دوو گەلالەیە کە لەلایەن دەولەتەوە درابوونە مەجلیس، هەرەشەی ئەوەی کردوە کە ئەم دوو گەلالەیە دەخاتە ریفراندۆمەوە. ئەم هەرەشەیەش لە کاتیكدا دەکرێ کە قۆلی بە ناو ریفۆرمخواز باش لەوە ئاگادارە کە ریفراندۆمیش پیویستی بە تەئییدی ئۆرگانەکانی بانتر لە مەجلیسو جیا لەمەش رەزامەندی ریبەریشی پیویستە کە لەم حالەشدا روونە کە نە شوورای نیگابان بە ریفراندۆمیك رازی دەبێ کە سنووری دەسەلاتەکەی بەرتەسك دەکاتەوەو نە کۆری دیاریکردنی بەرژەوەندیی نیزام کە لەم جۆرە مەسەلانەدا لە پشتی شوورای نیگابانەوەیە دەنگی دەداتێو نە ریبەری ریژیمی کۆماری ئیسلامییش لەگەل بەریوەچوونی هەرچەشنە ریفراندۆمیك دایە کە دەسەلاتی ئۆرگانەکانی سەر بە خۆی یا لایەنگری خۆی بەرتەسك کاتەوە. هینانە گۆری ئەم دوو گەلالەیە لەلایەن دەولەتو خودی خاتەمییەوە ویرای ئاگاداری لە هەلویستی ئۆرگانە خاوەن نفووزەکانو خودی ریبەر لەم پیوەندییەدا، هەولیکە لە پیناوی پاساودانەوەی شکستو بێ دەسەلاتیی قۆلی ناسراو بە ریفۆرمخوازی نیو حاکمییەتو بێ بروایی وی بە ئیسلاحاتو ئەمەش لایەنگرانی ئەم قۆلەی کە لە وەدیهاتنی ئەو ریفۆرمانەی کە مەبەستی قۆلی ناوبراون دلساردو نا ئومید بوونو ریگای خەباتو بەرەنگار بوونەوەی ریژیمی کۆماری ئیسلامییان لە تەواوەتی خۆیدا بە شیوەیەکی راستودروست گرتۆتە بەر، پاشگەز ناکاتەوە.

سەبارەت بە گەلالەی هەلگرتنی چاوەدیری ئیستیسوابیی شوورای نیگابان هیندیك لە کاربەدەستانی هەردوو قۆلەکە بە تایبەت موحافیزەکارەکان بۆ کەمکردنەوەی کیشەی نیوان دەولەتو مەجلیس لەلایەکەوەو شوورای نیگابانو کۆری دیاریکردنی بەرژەوەندیی نیزام لەلایەکی دیکەوە، پیشنیاری ئەوەیان کردوە کە شوورای نیگابان لە جیگای چاوەدیریی ئیستیسوابی، مافی چاوەدیریی ئیستینادی هەبێ کە ئەمەش نەکیشەیەك چارەسەر دەکاو نەتەنانەت ویستی قۆلی ناسراو بە قۆلی ریفۆرمخوازی نیو حاکمییەتیشی پێ جیبەجێ دەبێ. چونکە بۆ شوورای نیگابان تەنانەت بۆ سەرجەم ئۆرگانەکانی ریژیمی کۆماری ئیسلامی پشت بەستن بە شتی هەلبەستراوو تاوانبارکردنی خەلك کاریکی زۆر ئاسانەو تەنانەت بۆتە ئیشی رۆژانەشیان. لەمەر دیاریکردنی چوارچیوەی دەسەلاتی سەرکۆمارییشدا قۆلی رکەبەر پیی وایە کە پەسندکردنی ئەم گەلالەیە، مافیکی سەرەرۆیانە دەداتە سەرکۆماریو رەنگە ئەمە والیك بدریتەوە کە سەرەرۆییيان لە نیو سەرەرۆییدا پێ قبوول ناکرێ.

زۆر ئاشکرایە کە کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٢٥سال دەسەلاتی سەرەرۆیانەو دیکتاتۆریی خۆیدا نیشانی داوە کە ریژیمیکە چاك نابێو وەدیهاتنی ویستە بنەرەتییەکانی خەلکی ئیرانو گەیشتنیان بە ئازادیو دیموکراسی تەنیا لە ریگەی خەباتیکی شیلگیرانە لەگەل ئەم ریژیمەو هەولدان بۆ رووخاندنیو بە هینانە سەرکاری نیزامیکی دیموکراتیك لە ئیران دا ئیمکانی هەیەو لەم پیوەندییەدا نە بە مانۆرو فرتوفیلەکانی ریفۆرمخوازانی نیو حاکمییەت ئەم راستییە دەشاردریتەوەو نە رەوتی دوودڵ کردنو چاوبەستکردن لەمەوبەدوا لە نیو لایەنگرەکانیدا کاریگەر دەبێ.

## برووخێ ریژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئیران

# بریاری دادگای میکونووس، بەلگەی ئاشکراو حاشاهەلنەگری تیرۆریزمی دەولەتیی کۆماری ئیسلامی

**ع. بداغی**

رۆژی ١٠ی ئاوریل بە رۆژیکی گرنگ‌و میژوویی بۆ هەموو ئازادیخوازانی کوردستان، ئیران‌و جیهان بەتایبەت حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران دەژمیردرێ. شەش سالْ لەمەوبەر لە رۆژی ٢١ی خاکەلیوەی ١٣٧٦ی هەتاوی‌دا دادگای میکونووس کە ئەرکی لیکۆلینەوەو بەدواداچوونی پەروەندەی تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی، سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران‌و هاورییانی (لە رستوورانی میکونووسی شاری بیرلین‌دا) وەئەستۆ گرتبوو، پاش سێ سالْ‌و شەش مانگ بەدواداچوون‌و کاری بیوچان حوکمی کۆتایی‌و میژوویی خۆی دەرکرد کە تیی‌دا ریبەرانی ریژیمی کۆماری ئیسلامی مەحکووم‌و تاوانبار کرد.

دادگای میکونووس کە لە ماوەی بەدواداچوونی پەروەندەی تیرۆرەکەدا سەرجەم ٢٤٧ جار کۆببۆوە، لە بریاری کۆتایی خۆی‌دا کە لەراستی‌دا بەلگەی لەقاودانی تیرۆریزمی دەولەتیی ئیران لە ئاستی نیونەتەوەیی‌دا بوو، راشکاوانە بکوژان‌و بریاردەرانی تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی‌و هاورییانی، کە هەر هەموویان لە گەورە بەرپرسانی ریژیم وەك خامنەیی، رەفسەنجانی‌و. . . بوون، بە تاوانبار زانی‌و هەر لەو پیوەندی‌یەش‌دا بریاری گرتن‌و دەستبەسەرکردنی عەلی فەلاحیان، وەزیری ئیتلاعاتی ئەو کاتی ریژیم‌دا.

## لە تیرۆری ڤیەنرا تا کارەساتی میکونووس

ریبەرانی ریژیمی کۆماری ئیسلامی کە بەدوای شۆرشی گەلانی ئیران لە ریبەندانی سالی ٥٧دا بە فیلْ‌و تەلەکەو بە لاری‌دا بردنی بیرتەسکەکان‌و سەرکوتی ئازادیخوازەکان دەسەلاتی ولاتیان پاوان کردبوو، هەولیان دەدا تا بە گوینەدان بە ویست‌و ئیرادەی خەلك‌و تەنیا لە ریی زەبرو زەنگەوە دەسەلاتە نارەواکەیان بەسەر خەلك‌دا بسەپینن‌و بۆ ئەم مەبەستەش جگە لە بەکارهینانی ئامرازەکانی سەرکوت لە دژی ئازادیخوازان، سیاسەتی لە ناوبردنی راستەوخۆو پاکتاوکردنی جەستەیی ریبەرانی ریکخراوە نەیارەکانیان گرتەبەر.

لەو نیوەش‌دا خۆشەویستیی بێ‌سنووری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران لە نیو کۆمەلانی خەلکی کوردستان‌و پەرەسەندنی رۆژ لەگەلْ رۆژ زیاتری خەباتی ئەو حیزبە وەك ریبەری بزووتنەوەی میللی ـ دیموکراتیکی گەلی کورد شانبەشانی چالاکیی هیزە پیشکەوتنخوازەکانی سەرانسەری ئیران، کاربەدەستانی ریژیمی لەگەلْ ترس‌و نیگەرانی‌یەکی قوولْ رووبەروو کردەوە. هەربۆیە گەلالەی تیرۆری ریبەرانی حیزبی دیموکرات‌و پاکتاوکردنی جەستەیی ئەوانیان خستە سەرەوەی هەموو چالاکی‌یەکانی کومیتە تایبەتی‌یەکان کە بۆ کاری تیرۆری نەیارانی سیاسی پیك هاتبوون. ریبەرانی ریژیم بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانیشیان هیچ کات لە پیشیل‌کردنی ریوشوینە نیونەتەوەیی‌و بنەما ئەخلاقی‌یەکان‌و هەروەها سووکایەتی‌و بە هیند نەگرتنی مافی حاکمییەتی ولاتانی دیکە سلیان نەکردۆتەوەو نەپرینگاونەتەوە. ئەگینا تیرۆری دوکتور قاسملووی ئەمرو هاورییانی لەسەر میزی وتوویژ بە دەستی دیپلۆمات ـ تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی جگە لە بەهیند نەگرتن‌و سووکایەتی بە یاساو پرنسیپە نیونەتەوەیی‌یەکان لە لایەن ریبەرانی ریژیمەوە چی‌تر دەگەیەنێ؟

بەدوای تیرۆری دوکتور قاسملوودا، شوورای ئەمنییەتی میللیی ئیران کە سەرکۆماری سەرۆکایەتیی دەکا، لە کۆبوونەوە یەك لە دوای یەکەکانی خۆی‌دا مەسەلەی چۆنیەتیی تیرۆری ڤیەن، ئاکام‌و دەسکەوتەکانی تیرۆرو هەروەها وەزعییەت‌و بارودۆخی حیزبی دیموکرات‌و کاریگەریی تیرۆری دوکتور قاسملوو لەسەر حیزبی دیموکرات هەلْدەسەنگینێ‌و دەیخاتە بەر باس‌و لیدوان. رەفسەنجانی سەرکۆماری ئەو کاتی ئیران لە دوایین کۆبوونەوەی شووراداد دەلێ: "حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران توانیویەتی لە ئاستی نیونەتەوەیی‌دا بۆشایی‌و نەبوونی دوکتور قاسملوو پر بکاتەوە. هەربۆیە دەبێ ریوشوینیکی گونجاوو پیویست بۆ ئەم مەسەلەیە بدۆزینەوە."

بە دوای ئەوەی کە حیزبی دیموکرات توانی خەساری لەدەستچوونی دوکتور قاسملوو بە ریبەرایەتیی گشتیی حیزب‌و بوونی جیگریکی لیوەشاوەی وەك دوکتور سادق شەرەفکەندی پر بکاتەوە، دوکتور شەرەفکەندیی نەمریش بە زیرەکی‌و کارامەیی تایبەتیی خۆی بۆ وەدیهینانی ئامانج‌و پراکتیزەکردنی ئەندیشەکانی دوکتور قاسملوو، ریگای مامۆستای هەرگیز نەمری گرتبە بەر. دوکتور شەرەفکەندی بۆ پیکهینانی بەرەیەکی یەکگرتوو لە نیوان هیزە پیشکەوتوەکانی ئیران بە مەبەستی وەریخستنی خەباتیکی بەربلاوترو کاریگەرتر لە دژی کۆماری ئیسلامی هەولی بێ‌وچانی دەدا. چالاکی‌یەکانی دوکتور شەرەفکەندی ریبەرانی ریژیمی تۆقاندبوو، هەربۆیە شوورای عەمەلیاتی تایبەت بریاری تیرۆرو لەسەر ریگا لابردنی دوکتور شەرەفکەندی دەرکردو بەریوەبردنی ئەو ئەرکەشی بە عەلی فەللاحیان، وەزیری واواکی ئەو کاتی ریژیم‌و دامودەزگا سەرکوتکەرەکەی سپارد کە بە داخەوە تیی‌دا سەرکەوتوو بوون.

ریژیمی ئیسلامیی ئیران کە پیش لە رووداوی میکونووس‌و دەرچوونی حوکمی دادگای بیرلین بە سیاسەت‌و سەوداو سازانە نهینی‌یەکانی توانیبووی خۆی لە ئاکامی کردەوەی جینایەتکارانەی تیرۆری کەسایەتی‌یە سیاسی‌یەکانی ئیران بدزیتەوە، بەدوای تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی‌و هاورییانی، هەموو هەولەکانی خۆی خستەگەر تا دیسانەکەش بە رەچاوکردنی سیاسەتی چاولێ سوورکردنەوەو تەماع وەبەرنان پیش بە پیکهینانی دادگای میکونووس بگرێ، یان لانیکەم نەهیلێ بگاتە ئاکام.

دەولەتی ئالمانیش لەسەر ئەو داوایەی کۆماری ئیسلامی کۆك بوو، لەبەر ئەوەی ئیران هەموو کاتیك بازاریکی لەبارو گونجاو بۆ ئالمان‌و ولاتانی دیکەی ئورووپا بووە، هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی تا ولاتانی ئورووپایی بەردەوام بە پیچەوانەی ئیددیعاو پروپاگەندەکانی خۆیان لە ئاست تیرۆریزمی دەولەتیی ئیران‌و پیشیلکرانی بەردەوامی مافی مرۆڤ لەم ولاتەدا بیدەنگ بن‌و چاو بنووقینن‌و زۆرتر بەرژەوەندیی ئابووری‌و قازانجی ریکەوتننامە تەجاری‌یەکانیان لەبەرچاو بێ. هەر بە پیی ئەو ریوشوین‌و لە چوارچیوەی ئەو سیاسەتانەدا بوو کە بکوژانی دوکتور قاسملوو، شاپوور بەختیارو دەیان نەیاری سیاسیی دیکەی ریژیم نیردرانەوە ئیران‌و لە سزاو بەریوەبردنی عەدالەت لە سەریان پاریزران‌و لە ئیرانیش بە شیوەی جۆراوجۆر ریزیان لێ گیرا. بەلام دەزگای قەزایی ئالمان‌و چۆنیەتی بەرەوروو بوونەوەی لە بەرامبەر پەروەندەی میکونووس، رەوتی دادگایی‌و بەدواداچوونی پەروەندەکە ئاوات‌و هەولەکانی ریژیمی کردنە بلقی سەر ئاو.

دادگای میکونووس‌و رەوتی لیکولینەوەو بەدواداچوونەکەی هەر لە سەرەتاوە لەگەلْ دژایەتی‌و گیرەشیوینیی کۆماری ئیسلامی بەرەوروو بۆوە. ریبەرانی ریژیم چەندین جار بە فشار خستنە سەر دەولەتی ئالمان‌و هەرەشەو تەماع وەبەرنان ویستیان دەولەتی ئالمان پیش بە رەوتی دادگا بگرێ‌و پەروەندەکە ببەسترێ. هەر لەو پیوەندی‌یەدا عەلی فەللاحیان بە بیشەرمیی تەواوەوە دادگای میکونووسی بە "ئۆپیرایەکی هلۆلْ" شوبهاند. بەلام دەزگای قەزایی ئالمان‌و قازی‌یەکانی پەروەندەکەو هەروەها بنەمالەی قوربانیانی تیرۆری میکونووس نە تەنیا هەرەشەو گورەشەی کۆماری ئیسلامی کاری تێ نەکردن‌و چاوترسینی نەکردن، بەلکوو بە بویری‌و ئازایەتی‌یەکی شایانەوە تا کۆتایی هاتنی کاری دادگاو دەرچوونی بریارە میژوویی‌یەکەی میکونووس لەو پیوەندی‌یەدا کە کاری بەدواداچوونی پەروەندەکەیان ئازایانە بە ئاکام گەیاندو نموونەیەکی پر لە شانازی لە عەدالەت‌و دادپەروەرییان بە ناوی خۆیان تۆمار کردو هەر لە جیش‌دا بەرگرییان لە سەربەخۆیی دەزگای قەزایی ئالمان کردو بە کردەوەش ئەو مەسەلەیەیان سەلماند.

## دەرچوونی حوکمی دادگای میکونووس چ ئاکامیکی لێ کەوتەوە؟

دەرچوونی حوکمی دادگای میکونووس یەکیەتیی ئورووپای کە هەتا ئەو کات سیاسەتی هەلکردن‌و سازان لەگەلْ ریژیمی ئیرانی رەچاو کردبوو، ناچار بە دژکردەوەو گرتنی هەلویستیکی جیاواز کرد. لە یەکەمین هەنگاودا دەولەتی ئالمان سەفیری خۆی لە ئیران بانگ کردەوەو بالویزەکانی دیکەی ولاتانی ئورووپاییش بە نیشانەی ئیعتیراز بە کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی ولاتی ئیرانیان بەجێ هیشت. ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی بە پیشوازیی بریاری دادگای میکونووسەوە چوون‌و بە بلاوکردنەوەی حوکمەکە لە رۆژنامەو ئورگانە تەبلیغی‌یەکانیان ریزیان لە کاری دادگاو بریارەکەی گرت. خەلکی ئیران بەگشتی‌و کوردستان بەتایبەتی کە لە خۆشیان شایی‌یان لەدلْدا دەگەرا لە بەشداریکردن لە ریپیوانە نمایشی‌یەکان کە ریبەرانی ریژیم بە مەبەستی ئیعتراز بە حوکمی دادگای بیرلین وەرییان خستبوو، خۆیان پاراست‌و کردیانە ئامرازیك بۆ دەربرینی رق‌و بیزاریی خۆیان لە دەسەلات‌و ریژیمی کۆماری ئیسلامی‌و پاشانیش "نا"یە میژوویی‌یەکەی خۆیان بە دەزگای ریبەری‌و ریژیمە دژی گەلی‌یەکەی لە هەلبژاردنی حەوتەمین دەورەی سەرکۆماری کە لە رۆژی ٢ی جۆزەردانی ١٣٧٦ بەریوەچوو، راگەیاند.

حوکمی دادگای میکونووس بووە هۆی ئەوەی ناوی میکونووس ئاگر بخاتە جەستەی کۆماری ئیسلامی‌و نیوەرۆکی ریژیم‌و کردەوە تیرۆریستی‌یەکانی زیاتر بۆ گەلانی جیهان روون بیتەوە. ریبەرانی ریژیم کە ئابرووی نیزامەکەیان‌و رەوایی خۆیان کەوتبووە ژیر پرسیارەوە، وەپەلەقاژە کەوتن‌و بەدەم چەورکردنی دەولەتانی ئورووپایی لەگەلیان کەتنە سازان‌و ساتوسەودا. لە ئاکام‌دا ولاتانی ئورووپایی پاش حەوت مانگ بە ناردنەوەی سەرشۆرانەی بالویزەکانیان دیسانەکەش عەدالەت‌و یەکسانی، دادپەروەری‌و مافی مرۆڤیان کردە قۆچی قوربانیی بەرژەوەندییە ئابووری‌و گەمە سیاسی‌یە نیودەولەتی‌یەکانی خۆیان.

هەرچەند ئەو هەلویستەی ولاتانی ئورووپایی بە هیچ شیوەیەك نەیتوانی لە بایەخ‌و قورسایی حوکمی دادگای میکونووس کەم بکاتەوە.

بەلام بووە هۆی ئەوەی ریژیم لە ژیر تیشکی کاریگەریی ئەو هەلویستەدا دریژە بە جینایەتەکانی خۆی دژی ئازادیخوازانی نیوخۆی ولات بدا. ئاشکرابوونی مەسەلەی قەتلە سیاسی‌و زنجیرەیی‌یەکان لە ئیران ئەو راستی‌یەی سەلماند کە ماشینی تیرۆرو کوشتاری کۆماری ئیسلامی سەرەرای مەحکوومبوونی لە دادگایەکی بیانی‌دا هیشتا لە گەر نەکەوتوەو هەروا بەردەوام قوربانی وەردەگرێ. کوژرانی بێ‌بەزەیی‌یانەی فرووهەرەکان، پوویەندە، موختاری، دوکتور مەجید شەریف‌و دەیان تیکۆشەری ئازادیخوازی دیکە لە سیاچالەکانی ریژیم‌دا لە سەردەمی سەرکۆماریی خاتەمی‌و دەولەتە بەروالەت ریفورمیستەکەی‌دا دەربری دریژەی کردەوە تیرۆریستی‌یەکانی ئەو ریژیمەو هەروەها رەچاوکردنی بەردەوام‌و بێ‌ئەملاو ئەولای سیاسەتی نەهیشتن‌و لە نیوبردنی جەستەیی‌و فیزیکی نەیارانی سیاسی لە لایەن کۆمیتە تایبەتی‌یەکانی ریژیمەوەیە.

ئیستا پاش تیپەرینی ٦ سالْ بەسەر دەرچوونی حوکمی دادگای میکونووس‌و هەر بەو پییەش بەشداریی بەناو ئیسلاحتەلەبەکان لە دەسەلات‌و حاکمییەتی ریژیم‌دا بۆ هەموان دەرکەوتووە کە دەولەتی بەناو ریفورمیستەکانیش دەستیان لە سیاسەتە چەسپاوەکانی ریژیم هەلْنەگرتووەو نەیانتوانیوە بە خۆلادان لەو جۆرە کردەوەو جینایەتانە روالەتیکی دیکە لە حاکمییەت‌و دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی نیشانی جیهانی دەرەوە بدەن. ئەو ریژیمە ئیستاش کە ئیستایە دریژە بە سیاسەتە دژی گەلی‌یەکانی لە نیوخۆو تیرۆریزمی دەولەتی دەدا. ماوەیەك لەوە پیش بوو کە دەزگای قەزایی ئارژانتینیش ریژیمی ئیسلامیی ئیرانی بەتاوانی دەس هەبوون لە تەقینەوەکەی بوینیس ئایریس لە سالی ١٩٨٨دا مەحکووم کردو حوکمی گرتن‌و دەستبەسەرکردنی ٤ کەس لە گەورە بەرپرسانی ریژیمی راگەیاند.

بەکورتی هەرچەند تیرۆری میکونووس لەباری سەرکەوتوویی لە بەریوەبردنی پیلانەکە زیانیکی گەورەی بە حیزبی دیموکرات‌و سەرجەم ئۆپۆزیسیۆنی دیموکراتی ئیران گەیاند، بەلام دەرچوونی حوکمی دادگای میکونووس قۆناغیکی نوێ لە خەبات دژی کۆماری ئیسلامی‌و لەقاودانی تیرۆریزمی دەولەتیی ئەو ریژیمە بوو.

ریژیمی کۆماری ئیسلامی سەرەرای تیرۆرکردنی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی حیزبی دیموکرات لە کوردستانی عیراق‌داو هەروەها تیرۆری ریبەرانی حیزب لە دەرەوەی ولات قەت نەی‌توانیوە مەیدان بە خەبات‌و تیکۆشانی ئەو حیزبە چۆلْ بکاو دریژەی سیاسەتی تیرۆرو زەبرو زەنگیش نەی‌توانیوە بە هیچ شیوەیەك لە سەرکەوتنی مەبەستەکانی ریژیم، واتە نەمانی حیزبی دیموکرات لە مەیدانی خەبات دژی کۆماری ئیسلامی‌دا شویندانەرو کاریگەر بێ.

ئالای خەباتی حیزبی دیموکرات پاش قازی محەممەد، دوکتور قاسملوو، دوکتور شەرەفکەندی، لە لایەن هەزاران ریبواری ریگەی ئەو ریبەر هەرگیز نەمرانەوە هەروەها شەکاوە راگیراوە.

***

# تورکیەو ئیران، نیگەرانیو پیلانی هاوبەش

عەوڵا بەهرامی



ئەگەر لە ١٠ ساڵی رابردوودا رەوتی روو لە گەشەی مەسەلەی کورد لە ئاستە جۆراوجۆرەکاندا و بەتایبەت دامەزرانی حکوومەتی ناوچەیی لە کوردستانی عیراق لە (١٩٩٢)دا دەولەتانی حاکم بە سەر کوردستانیان پەروش و نیگەران کرد بوو، ئیستاو لەم قۆناخە هەستیارو پرگۆرانکاری‌یەی کە ناوچەکە پیی‌دا تیپەر دەبێ، ئەو دەولەتانەی والی کردوە کە زیاتر لە رابردوو سیاسەتو بۆچوونە شوڤینیستی‌یەکانیان لە مەترسی‌دا ببینن. ئەوان ئەگەر لە قۆناغەکانی پیشووداو بە کەلك وەرگرتن لە هۆکارە جیهانیو ناوچەیی‌یەکانی پیشوو بە وەلانانی جیاوازی‌یەکانیان لەژیرەوە لە بیری لەباربردنی جووڵانەوە سیاسی‌و چەکداری‌یەکانی کوردو سرینەوەی ناسنامەی نەتەوایەتیی ئەم گەلەدا بوون، ئەمرۆو لەم قۆناغەدا کە کورد توانیویەتی بە بەهیزکردنی فاکتەری نیوخۆیی‌و بەهرەمەند بوونو گونجان لەگەل فاکتەرە دەرەکی‌یەکان( ناوچەیی‌و نیونەتەوەیی) هەنگاوی گەورە بهاویژی، وەك دەبینن خەویان لی زراوەو ئەمجارەشیان دەیانهەوێ بە شیوازی دیکە بیر لە جیبەجێ کردنی گەلالەی پیلانە هاوبەشەکانیان بکەنەوە.

سەفەری ئەم دواییانەی کەماڵ خەررازی وەزیری کاروباری دەرەوەی ریژیمی ئیسلامیی ئیران بۆ تورکیەو چاوپیکەوتنی ناوبراو لەگەڵ هاوتا تورکەکەی، عەبدوڵڵا گوڵ لەم هەلومەرجەدا کە ناوچەکەو بەتایبەت بارودوخی سیاسیی عیراق لە حالی گۆرانکاری‌دایە، شیاوی تیرامانە. بیگومان دەتوانین بلیین بەشی هەرە زۆری وتوویژە دوولایەنەکان تەرخان کرابوو بە مەسەلەی کوردو ئەو گۆرانکارییانەی لە ناوچەکەدا دینەگۆرێ. هەروەك تەوەرە سەرەکی‌یەکانی چاوپیکەوتنی هەرکام لەو دوو وەزیرەش لەگەل هەوالنیران بریتی بوو لە: "نیگەرانی لە داهاتووی سیاسیی عیراق، پاریزرانی یەکپارچەیی خاکی عیراق ، نیگەرانی‌یە هاوبەشەکانی دوو لایەن سەبارەت بە عیراق و راویژکاریی دوو ولات سەبارەت بە باکووری عیراق".(١)

دەتوانین نیگەرانیی دراوسێ‌یەکانی وڵاتیك کە لە حالی گۆرانکاری دایە یان تووشی ئالۆزی‌و پشیوی هاتوە بە رەواو بەجێ بزانین‌و بایەخ بۆ خەمخۆریی وڵاتانی دراوسیی وڵاتیکی لەم شیوەیەش دابنیین. دیارە ئەوەش بلیین ئەو چەشنە نیگەرانی‌و خەمخۆرییانەش کاتیك بایەخی خۆیان هەیە کە بەدوور بن لە مەبەستی شاراوەو نا بەجیی دراوسیکان. ئەوەی لەم پیوەندی‌یەدا ئیران وتورکیە وەك نیگەرانی باسی لیوەدەکەن شتیکی تەواو پیچەوانەی ئەو بنەمایەیە کە باسمان لیوە کرد. لەم روانگەیەوەیە دەتوانین بلیین خەمخۆری‌و نیگەرانیی دەولەتەکانی ئیران‌و تورکیە بۆ داهاتووی سیاسیی عیراق‌و بەتایبەت کوردستانی عیراق، شتیك نیە بیجگە لەترس لە سەقامگیر بوونی سیستمیکی حکوومەتیی پیشکەوتووو بەرەوپیش چوون‌و گرنگی پەیدا کردنی مەسەلەی کورد لەم وڵاتەدا. ریژیمەکانی هەرکام لەم ولاتانە بەم پییە کە: ١ـ لەگەڵ بنەماکانی پەرەئەستاندنی سیاسی‌و دیموکراسی بیگانەن، ٢ـ هەرکامیان بە دریژایی ماوەی تەمەنیان دژایەتیی ویستو داخوازە نەتەوەیی‌یەکانی کوردیان کردوە، ٣ـ پەرەگرتن‌و بەئاکام گەیشتنی مەسەلەی کورد لە کوردستانی عیراق شوینەواری راستەوخۆی لە سەر وڵاتەکانیان هەیە: سروشتی‌یە کە نیگەرانیی هاوبەشیان هەبی وبەم پییەش لە بیری پیلانی هاوبەشی نویتر دابن.

خەررازی لە کۆنفرانسیکی خەبەریی هاوبەش لەگەڵ عەبدوڵڵا گوڵ‌دا ئاماژە بەوە دەکا کە" خەلکی عیراق بۆ خۆیان سەبارەت بە داهاتووی ئەم وڵاتە بریار بدەن."(٢) بەڵام کە باسی کوردستانی عیراق‌و ئاکامی گۆرانکاری‌یەکانی عیراق لە سەر ئەم ناوچەیە دەکا، بەبێ ئەوەی بویرێ ناوی کوردستان بینێ دەلێ:" راویژەکانی نیوان ئیران‌و تورکیە سەبارەت بە باکووری ئەو ولاتە دریژەی دەبێ."(٣) ناوبراو لە راستی‌دا لەو قسانەی‌دا ویرای هاوتا تورکەکەی تەعبیر لە ماهییەت‌و دژمنایەتیی قوولی خۆی لەگەل هەرچەشنە بەرەوپیش چوون‌و دەسکەوتیك دەکا، کە کوردەکان لەو پارچەیەی کوردستان( عیراق) وەدەستی بینن. ئەگینا بۆ دەبێ خەلکی عیراق وەك خەررازی دەلێ ئەو مافەی هەبێ سەبارەت بە داهاتووی وڵاتەکەیان بریار بدەن، بەلام کوردەکانی ئەو وڵاتە تەنانەت وەك بەشیك لە دانیشتوانی ئەو وڵاتە ئەو مافەیان نەبێ باس لە دابین بوونی لانیکەمی ویستو داخوازو ماف‌و ئازادی‌یەکانیان بکەن. ئەوان بەوە کە دەلین نیگەرانی داهاتووی عیراق‌و کوردستانی عیراقن‌و گۆرانکاری‌یەکانی ئەو وڵاتە زیان بە بەرژەوەندی‌یەکانیان دەگەیەنی، بە زمانیك دەیانەوێ باس لە ترس و دژمنایەتیی خۆیان سەبارەت بە گۆرانکاری‌و پیشکەوتنەکانی ئەو ولاتەو بەتایبەت کوردەکان بکەن.

سروشتی دەنوینی دەولەتی نویی تورکیە کە میراتگری سیستمیکی دژ بە کوردەو کۆماری ئیسلامیش کە هەلگری دواکەوتوانەترین‌و کۆنەپەرستانەترین بیرو بۆچوونەکانیشە، سەبارەت بەرەوتی گۆرانکاری‌یەکانی ناوچەو گرنگتر لەویش بەرەوپیش چوون‌و ئەگەری دابین بوونی بەشیکی هەرچەند کەمیش لە ماف‌و ئازادی‌یەکانی کوردەکانی پارچەیەك لە پارچەکانی کوردستان قەلس‌و توورەو نیگەران بن . چونکە گومانی تێدانیە گۆرانکاری‌یەکانی ناوچەو بەرەو پیش چوونی مەسەلەی کورد پیوەندی‌یەکی راستەوخۆی هەیە بە رەوتی دیموکراتیزە بوونی دەسەلاتە ناوەندی‌یەکانی ئەو ولاتانەوە کە کوردیان بە سەردا دابەش کراوە.

لە کۆتایی‌دا دەبێ بلیین راستە پیشینانی خەررازی‌و گوڵ توانیویانە بە پیلانی هاوبەش‌و چەند قۆلی لە قۆناخە جۆراوجۆرەکان دا، بزووتنەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد بۆ دەستەبەرکردنی ماف‌و ئازادی‌یەکانی سەرکوت بکەن‌و رۆژی هاتنەدیی ئاوات‌و ئامانجەکانی رۆلەکانی نەتەوەی کورد وەدوا بخەن، بەلام وادیارە ئەوان ئاگایان لە راستی‌یەکانی سەردەم‌و گۆرانی قۆناخە میژوویی‌یەکان نیە یان نایانهەوێ ئاگایان لێ بێ، بۆیە هەر هەمان قەوانە کۆنەکەی پیشینیانیان لی‌دەدەنەوە. ئەو شیوە سیاسەتانەی ئەوان ئەمرۆ پیرەوی دەکەن هی سەردەمیکی بەسەرچوویەو چونکە ئەمرۆ جگە لەوەی رۆلەکانی‌کورد خاوەنی هوشیاری‌یەکی قوولی نەتەوەیین و توانیویانە دەنگی ئازادیخوازی‌و مافخوازیی گەلەکەیان بگەیەننە بیرورای گشتیی جیهانیان، زۆر لەو فاکتەرە ناوچەیی‌و نیونەتەوەیی‌یانەش گۆراون کە ریگای بەپیشینانی ئەوان دەدا بەدوور لە چاوی جیهانیان دەنگی مافخوازیی کورد کپ بکەن.

سەرچاوە:

(١)، (٢)و(٣) ـ رۆژنامەی همشهری ژمارە ٣٠١٥

# هەواڵەکانی دەرەوە

## فینلاند

### ریورەسمی ١٠ی خاکەلیوە رۆژی شەهیدانی کوردستان

رۆژی یەکشەممە ٢٠٠٣/٣/٣٠ بۆ ریزگرتن لە یادی شەهیدانی حیزب‌و گەل کاتژمیر ٥:٣٠ی ئیوارە ریورەسمیکی بەشکۆ بە بەشداریی زیاتر لە ١٠٠ کەس لە کوردەکانی دانیشتووی شاری تۆرکۆ لە وڵاتی فینلاند پیك هات.

سەرەتای ریورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب"و راگەیاندنی دەقیقەیەك بیدەنگی بە مەبەستی ریزلینان لەسەر قافلەی شەهیدان، پیشەوا قازی محەممەدو سەرجەم شەهیدانی سوورخەڵاتی گەل دەستی پێ کرد. پاشان لە لایەن هاورێ وەستا رەحمان بەرپرسی کومیتەی تۆرکۆ پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزب بەو بۆنەیەوە خویندرایەوە. پاشان فیلمی یادی ١٠ ساڵەی شەهیدبوونی دوکتور شەرەفکەندی نیشان درا. هەروەها لەو ریورەسمەدا بەشیك لە وتە بەنرخەکانی شەهیدان‌و چەند پارچە شیعرو پەخشانیك لە لایەن بەشدارانەوە پیشکەش کران.

شایانی باسە ئەو ریورەسمە کە دوو سەعاتی خایاند، بە سروودی ئەی شەهیدان کۆتایی پێ هات.

### ریورەسمیك بە بۆنەی ١٠ی خاکەلیوە، رۆژی شەهیدانی کوردستان

رۆژی دووشەممە ٢٠٠٣/٣/٣١ی زایینی بە بۆنەی ١٠ی خاکەلیوە، رۆژی شەهیدانی کوردستان کۆمیتەی حیزب لە شاری واسا، ریورەسمیکی پرشکۆی بە بەشداریی ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب لەو شارە پیك هینا.

سەرەتای ریورەسمەکە بە راگەیاندنی دەقیقەیەك بیدەنگی بە مەبەستی ریزلینان لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ‌کردو پاشان لەلایەن هاورێ کەریم حەبیبی بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە وڵاتی فینلەند پاش بەخیر هینانی بەشدارانی ریورەسمەکە، پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی خویندەوە. لە دریژەی ریورەسمەکەدا فیلمیکی ڤیدیۆیی بەوبۆنەوە نیشان دراو چەند شیعرو پەخشانی شۆرشگیریش پیشکیش کران.

شایانی باسە هەر بەوبۆنەیەوە هاورییانی حیزبی بە هاوکاریی کۆمیتەی حیزب لە شاری"یوڤە سکولا" سەردانی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی نیشتەجیی ئەو شارەیان کرد.

## نورویژ

### پیکهاتنی سیمیناریك بە بۆنەی ١٠ی خاکەلیوەوە

سەر لە ئیوارەی رۆژی دوو شەممە ٢٠٠٣/٣/٣١ی زایینی بە بۆنەی ١٠ی خاکەلیوە رۆژی شەهیدانی کوردستان، کومیتەی حیزب لە وڵاتی نورویژ سیمیناریکی ئینتیرنیتیی لە ژووری کوردستانی رۆژهەڵات‌دا پیك هینا.

شایانی باسە سیمینارەکە کاتژمیر ٩ی پاش نیوەرۆ بە سروودی "ئەی‌شەهیدان" دەستی پێ کرد. پاشان لە لایەن یەکیك لە هاورییانی حیزبی‌یەوە بۆ ماوەی نیو ساعت لەپیوەندی لەگەڵ رۆژی ١٠ی خاکەلیوەو جیگەی ئەو رۆژە لە میژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورددا و کەسایەتیی پیشەوا قازی محەممەد باسیکی سەرنجراکیشی پیشکەش کرد.

پاشان پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزب لەو پیوەندی‌یەدا لە لایەن یەکیك لە هاورییانەوە خویندرایەوە. هەروەها ژمارەیەك لە بەشدارانی سیمینارەکە لە پیوەندی لەگەڵ شەهیدانی نەمری ١٠ی خاکەلیوەدا هیندێ باس‌و بابەتی جۆراوجۆریان هینایە گۆرێ کە بوونە هۆی زیاتر دەولەمەندبوونی سیمینارەکە.

شایانی باسە لەو سیمینارەدا کە سێ سەعاتی خایاند، ژمارەیەکی زۆر بەرچاو لە کوردەکانی دانیشتووی وڵاتی نورویژ بەشدار بوون.

## یۆنان

### بەریوەچوونی جیژنی پرشکۆی نەورۆز

رۆژی پینج شەممە ٢٠ی مارسی ٢٠٠٣ کومیتەی حیزب لە وڵاتی یۆنان لەگەل چوار حیزبی دیکەی کوردستانی‌و ریکخراویکی خویندکاریی کوردی کە ناویان لە خوارەوە هاتوە، ریورەسمیکی بە بەشداریی زیاتر لە ٦٠٠ کەس لە کوردەکانی دانیشتووی ئەو وڵاتە لە یەکیك لە سالۆنە گەورەکانی شاری ئاتین‌دا بەریوە برد.

ریورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی رەقیب‌و راگرتنی دەقیقەیەك بیدەنگی بۆ ریزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پی‌کرد. سەرەتا پەیامی هاوبەشی کۆمیتەی نەورۆز بە دوو زمانی کوردی‌و یونانی خویندرایەوە. شایانی باسە کە چەندین کەسایەتیی یونانی لە ریورەسمەکەدا بەشدار بوون‌و بە قسە کردن لە سەر دۆزی کوردستان‌و ئالوگۆرەکانی ئەم دوایانەی رۆژهەڵاتی نیوەراست‌و هەروەها بە دەربرینی پشتیوانیی خۆیان لە خەباتی رەوای گەلی کورد بۆ وەدەستهیانی مافە رەواکانی ریورەسمەکەیان دەولەمەندتر کرد. لە دریژەی ریورەسمەکەدا چەند بەرنامەی جۆراوجۆری هونەری لە لایەن کۆری هونەریی نیشتمان‌و هونەرمەندی دەنگخۆش فاتی بەریوەچوون.

حیزب‌و ریکخراوە بەشدارەکان کە لە ریورەسمی نەورۆز لە یونان بریتی بوون لە:

— حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران
— یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان
— حیزبی سۆسیالیستی کوردستان
— یەکیەتیی دیموکراتی کورد لە سووریە
— کۆمەلەی خویدکارانی کوردستان لە یونان

## ئۆتریش

### بەریوەچوونی ریورەسمی نەورۆز

رۆژی هەینی ٢٢ی مارسی٢٠٠٣ی زایینی لە شاری ڤیەن پیتەختی وڵاتی ئوتریش لە لایەن کۆمیتەی نەورۆزەوە، ریورەسمیك بە بەشداریی زیاتر لە ٤٠٠ کەس لە کوردەکانی سەر بە هەموو بەشەکانی کوردستان، دانیشتووی وڵاتی ئوتریش بەریوە چوو.

لە سەرەتای ریورەسمەکەدا، پەیامی پیرۆزبایی لە لایەن کۆمیتەی نەورۆزەوە بە دوو زمانی کوردی‌و ئالمانی خویندرایەوە. پاشان هەر بەو بۆنەیەوە نوینەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران لە وڵاتی ئوتریش پەیامی پیرۆزبایی حیزبی دیموکراتی بۆ بەشدرانی جیژنەکە خویندەوە. ریورەسمەکە بە چەند بەرنامەی هونەری کە لە لایەن هونەرمەندانی گۆرانیبیژ، فاتی، هاورییان سەلاحیان، حەمەو کاك توانا بەریوە چوون، کەش‌و هەوایەکی تایبەتی بە خۆیەوە گرت. شایانی باسە ئەو ریورەسمە کە سەعات شەشی ئیوارە دەستی پی‌کردبوو تا سەعات ١٢ی شەو بە هەلپەرکی‌و شایی دریژەی کیشا.

کۆمیتەی نەورۆز بریتی‌یە لە :

— حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران
— یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان
— پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق
— حیزبی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیە
— پارتی پیشکووتووی دیموکراتی سووریە

❋❋❋

# سازانی قۆڵی بەناو ریفۆرمخوازی نیو دەسەڵات لەگەڵ شوورای نیگابان‌دا

دەولەتی محەممەدی خاتەمی سەرکۆماری ریژیمی کۆماری ئیسلامیی ئیران لە کاتی تاوتوی کردنو دارشتنی بودجەی سالی ١٣٨٢ی وڵاتدا لە لایەن شوورای نیگابانەوە پیشنیاریکی پی‌کرا کە بە پیی ئەو پیشنیارە بودجەی ئەو شوورایە دووقات زیاد کرابوو.

هینانە گۆری پیشنیاریکی ئەوتۆ، واتە مەسەلەی زیادکردنی بودجەی شوورای نیگابان لە لایەن ئەم نەهادەوە لە حالیکدا بوو کە قۆلی ناسراو بە قۆلی ریفۆرمخوازانی نیو دەسەڵاتو زۆرینەی نوینەرانی مەجلیسی شوورای ئیسلامی کە یا سەر بە قۆلی ناوبراون یا پشتیوانی بۆچوونەکانی ئەوانن لە هەولی ئەوەدان کە لە رادەی دەسەڵاتی ئەم شوورایە بە تایبەت لە بواری رەتو قەبوولکردنی سەلاحییەتی کاندیداکان کەم بکەنەوەو مافی چاوەدیریی ئیستیسوابیی شوورای نیگابان هەڵگرن. لەم هەلومەرجەی کە بە سەر پیوەندیی نیوان شوورای نیگابانو دەزگای راپەراندنو یاسادانانی کۆماری ئیسلامی‌دا حاکمە، ئاسایی بوو ئەگەر مەجلیسو دەولەت دژی پیشنیاری زیادکردنی بوودجەی شوورای نیگابان بن. بە تایبەت شوورای نیگابان لە پیشنیارەکەی لەو پیوەندی‌یەدا (زیادکردنی بوودجە لە سالی ٨٢) ئەویش بۆ دوو هیندەی بوودجەی پیشوو بەلگەی قانوونیو جیگای متمانەی پی‌نیەو تەنیا باسی پیویستیی دابینکردنی بوودجەیەکی ئەوتۆ بۆ جیبەجیکردنی ئەرکەکانی ئەم نەهادە دەکا.

دژایەتیی دەولەتو مەجلیس لەگەل بوودجەی پیشنیارکراوی شوورای نیگابانو دوو بەرانبەرکردنی بە نیسبەتی بوودجەی سالی رابردووی ئەم نەهادە، ململانیی نیوان شوورای نیگابانو دەولەتو مەجلیسی توندتر کردەوەو گەیاندیە قۆناغیکی ناسك.

وەك لە کۆماری ئیسلامی‌دا باوە، مەسەلەی تاوتوی کردنی بری بوودجەی سالی ٨٢ی شوورای نیگابانو چارەسەری کیشەی نیوان ئەم شوورایەو دەزگای راپەراندنو قانوون دانان دەبوا بە کۆری دیاریکردنی بەرژەوەندی نیزام بە سەرۆکایەتیی هاشمیی رەفسەنجانی سپیردرابا. لە بەر ئەوەی کە کۆری دیاریکردنی بەرژەوەندی نیزام لە ململانیی نیوان ئەم نەهادەو دەزگاکانی راپەراندنو قانوون داناندا و هەروەها لە کیشەی نیوان ئەم دەزگایانەدا زۆرجار پشتی شوورای نیگابانی گرتوە. ئەمجارەش لە کۆبوونەوەیەکدا کە بەم بۆنەیەوە پیك هاتبووو سەرکۆمارو سەرۆکی مەجلیسی تی‌دا بەشدار بوون، دیسان پشتی شوورای نیگابانی گرتو راشکاوانەو بەڵام بە بی هیچ بەلگەو گرۆڤیك بەرپەرچی بۆچوونەکانی دەولەتو مەجلیسی دایەوە کە بووە هۆی هەلچوونی محەممەدی خاتەمی‌و کەرووبی‌و بەجی‌هیشتنی کۆبوونەوەکە بە مەبەستی دەربرینی نارەزایەتیی خۆیان لە شیوەی ناوبژیوانیی کۆری دیاریکردنی بەرژەوەندی نیزام. ئەمەش لە کاتیکدا بوو کە خاتەمی کە زۆرجار نەیویستوەو نایەوی لەگەل قۆلی بە ناو کۆنەپاریزدا خۆی تووشی کیشەیەکی قوول بکا؟. هەرچەند دەزگا راگەیەنەکانو کاربەدەستانی ریژیمی کۆماری ئیسلامی بە تایبەت ئەوانەی سەر بە قۆلی کۆنەپاریزن هەولیاندا کە ئەم هەلویستەی محەممەدی خاتەمی‌و مەجلیس بە شیوەیەکی دیکە لیك بدەنەوەو پشتیوانیی کۆری دیاریکردنی بەرژەوەندی نیزام لە پیشنیاری شوورای ناوبراو ئەوەندە نابەجی‌و بی‌بەلگەو دژ بە قانوونی ئەساسیی بوو کە جگە لە دژایەتیی لەگەل دەولەتو مەجلیس مانایەکی دیکەی نیە، چونکە کۆری دیاریکردنی بەرژەوەندی نیزام تەنیا کاتیك دەتوانی پەسند کراوەکانی مەجلیس رەت بکاتەوە کە دژی قانوونی ئەساسی‌و ریبازی ئیسلام بن، لە کاتیکدا دژایەتیی مەجلیسو دەولەت لەگەل بوودجەی پیشنیارکراوی شوورای نیگابان‌دا نە دژ بە قانوونی ئەساسی‌و نە دژی ریبازی ئیسلام بوو. بەڵام ئەوە پیشنیارەکەی شوورای نیگابان بوو کە بەبی ئەوەی هیچ بەلگەیەکی سەبارەت بە دوو بەرابەرکردنی بوودجەی ئەم ناوەندە لە چاو سالی رابردوو هەبی‌و هەروەها پشتیوانیی نابەجی‌و ناقانوونیی کۆری دیاریکردنی بەرژەوەندی نیزام بوو کە دژی چوراچیوەی دەسەڵاتی قانوونیی ئەوان بوو و جگە لە دژایەتیی راشکاوانە لەگەل دەولەتو مەجلیس، هیچ چەشنە بەلگەیەکی قانوونی لە پشتەوە نەبوو.

سەرەرای دژایەتیی بەجی‌و قانوونیی دەولەتو مەجلیس لەگەل زیادکردنی بوودجەی سالی ٨٢ی شوورای نیگابانو بە پی‌داگرتنی نابەجی‌و بی‌بنەمای ئەم شوورایە سەبارەت بە دووقاتکردنی بوودجەکەی‌و پشتیوانیی بی‌بەلگەی کۆری دیاریکردنی بەرژەوەندی نیزام لە پیشنیارەکە، سەرئەنجام ئەمجارەش دەولەتو مەجلیس ملیان بۆ ویستەکانی کۆنەپاریزان راکیشاو لە بەرامبەر شوورای نیگابانو کۆری دیاریکردنی بەرژەوەندی نیزام‌دا پاشەکشەیان کردو کیشەکەیان بە جۆریك بری‌یەوە کە هەم ویستی شوورای نیگابان جیبەجی بی‌و هەم بە روالەتیش بووە ریزو حورمەتی دەولەتو مەجلیس پاریزرا بی. پیکهاتنەکەش بەم جۆرە بوو کە بوودجەی شوورای نیگابان هەر ئەوەندە بی کە مەجلیس پیشنیارو قبوولی کردوە. بەڵام ئەگەر شوورای نیگابان بوودجەیەکی پتری ویست، مەجلیس دەبی پەسندی بکا کە بە کردەوەش هەم شوورای نیگابان داوای بوودجەی پتر دەکاو هەم مەجلیسیش ناچارە پەسندی بکا.

# بیستو سێیەمین کۆنگرەی حیزبی کۆمۆنیستی فەرانسە

بیستو سێیەمین کۆنگرەی حیزبی کۆمونیستی فەرانسە لە رۆژەکانی ٣تا٦ی ئاوریلی ٢٠٠٣ی زایینی لە پلین‌ساندۆنی هەلکەوتوو لە ناوچەی پاریس بەریوە چوو. لەو کۆنگرەیەدا جگە لە نوینەری فیدراسیۆنەکانی حیزبی‌کۆمۆنیست لە سەرانسەری فەرانسەدا نزیکەی١٠٠ لیژنەی نوینەرایەتی لە حیزبە کۆمۆنیستو دیموکراتو بزووتنەوە رزگاریی‌خوازەکانی جیهان بەشدار بوون. تەوەری باسەکانی کۆنگرە بریتی‌بوون لە موتالای هۆیەکانی دۆرانی هیزە چەپەکان بە تایبەت حیزبی کۆمۆنیست لە هەلبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری‌و مەجلیس لە سالی ٢٠٠٢داو دابەزینی بەرچاوی ئاستی دەنگی خەلك، هەروەها دیاریکردنی ستراتیژیی تیکۆشان چ لەئاستی نیوخۆو چ لە ئاستی نیونەتەوەیی‌دا بەتایبەت لە پیوەندی لەگەل یەکیەتیی ئوورووپادا. مەسەلەی شەر لە عیراقو هەولدان بۆ پیکهینانی هەماهەنگی لە نیوان هیزەکانی دژی شەر لە ئاستی ئوورووپاو پیکهینانی هاودەنگی لە نیوان هیزەکانی دژی شەر لە ئاستی جیهانی‌دا.

شایانی باسە کە بەشیکی بەرچاو لە نوینەرانی کۆنگرە، شکستی هیزە چەپەکان بەتایبەت حیزبی کۆمۆنیست لە هەلبژاردنی سالی٢٠٠٢ی زایینی‌داو هاتنە خواری ئاستی بەرچاوی دەنگدانی خەلك بەو حیزبەیان لەوەدا دەدی کە لەگەل حیزبی سۆسیالیستی فەرانسە بەرەی پیك هیناوەو لە لایەکی دیکەش لە ریبازو پرنسیپەکانی پیشووی خۆی لای‌داوە.

هەر بۆیەش ئەو نوینەرانە خوازیاری ئەوە بوون حیزبی کۆمۆنیست، بۆ دیفاع لە بەرژەوەندی‌یەکانی چینی زەحمەتکیش دەبی دەست لە ریکەوتنو شوینکەوتنی هیزە لاوازو کاتی‌یەکان هەلگری‌و بگەریتەوە سەر ریبازو پرنسیپەکانی پیشووی.

دوایین بەشی بەرنامەکانی کۆنگرە بۆ هەلبژاردنی ریبەرایەتیی حیزب تەرخان کرابوو، لەو پیوەندی‌یەدا کۆمیسیۆنی هەلبژاردن لیستیکی ئامادە کردبوو بدری بە کۆنگرە، لیستەکە لەگەل دژایەتیی ئەو بەشە لە نوینەرانی کۆنگرە بەرەوروو بوو کە خوازیاری گەرانەوە بۆ سەر ریبازی پیشووی خۆیان بوون. ئەو نوینەرانە دەیانهەویست ناوی ئەوانیش بدری بە کۆنگرە، بەڵام کۆنگرە لە سەر ئەو لیستە ریکەوت کە لە لایەن کۆمیسیۆنی هەلبژاردنەوە ئامادە کرابوو.

لیستەکە بە هینانەوەی٧٦/١٦٪ی دەنگەکان لەلایەن کۆنگرەوە پەسند کراو بەو شیوەیە شوورای ریبەرایەتیی حیزبی کۆمۆنیست پیکهاتوو لە ٢٢٢ کەس دیاری کرا. پیویستە بگوتری خانمی"ماری ژۆرژ بوفە" جاریکی‌تر بە سکرتیری حیزبی کۆمۆنیست هەلبژیردرایەوە.

شایانی باسە کە نوینەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران لە دەرەوەی وڵات، هاوری خوسرەو عەبدوللایی لە سەر بانگهیشتنی حیزبی کۆمۆنیست لەو کۆنگرەدا بەشداریی کرد. ناوبراو جگە لە چاوپیکەوتن لەگەل بەرپرسانی حیزبی کۆمۆنیستی فەرانسە، لەگەل نوینەرانی حیزبی کۆمۆنیستی چین، حیزبی کۆمۆنیستی ڤیتنام، حیزبی کۆمۆنیستی کووبا، حیزبی کۆمۆنیستی ئالمان، حیزبی کۆمۆنیستی عیراقو ریکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین کۆبۆوەو لە بارەی هەلومەرجی رۆژهەلاتی نیوەراستو ئیرانو کوردستانی ئیران ئالوگۆری بیروورای کرد.

***

# ئەحمەدی زەیدئابادی مافی بیرورا دەربرینی لێ زەوت کرا

ئەحمەدی زەیدئابادی رۆژنامەنووس کە وتوویژەکانی لەگەل رادیۆ فارسی‌یەکانی دەرەوەی وڵات لە لایەن ریژیمەوە بە تەبلیغی نابەجێ دژی بنەما بنەرەتی‌یەکانی نیزام زانراون، هەر بەو هۆیەوە لەلایەن ریژیمەوە بە ٦مانگ زیندانو ٥سال بێ بەشکردنی لە مافی کۆمەلایەتی بە تاوانی تەبلیغ بەدژی ریژیم مەحکووم کراوە. ناوبراو لە ماوەی کورتی ئازاد کرانی لە زیندانی ئیوین رای‌گەیاند کە دادگای پیداچوونەوە مافی قسەکردنی لی زەوت کردوە. ئەحمەدی زەیدئابادی لەو پیوەندی‌یەدا بە رادیۆ فەردای گوت: من پیشتر ٥سال بێ‌بەش لە مافی کۆمەلایەتی‌و یەك لەوان (چاپەمەنی) مەحکووم کرابووم. وەك سزایەکی"تتمیمی" بوو.

دادگای پیداچوونەوە ئەوەی راڤە کردوەو گوتی: چونکە هیندیك لەو کارانەی وەك قسەکردن لە کۆروکۆبوونەوەداو وتوویژی لەگەڵ رادیۆکانی دەرەوەدا بە تاوانی چاپەمەنی چاو لێ دەکرین. کۆمەلیك سزای کۆمەلایەتییان لەو بوارنەدا باس کران بە دواوە دەبێ، واتە بێ‌بەشکردن لەو مافە کۆمەلایەتییانە بۆتە هۆی ئەوەی کە من مافی قسەکردنم نەبێ.

بەپیی بەندەکانی جارنامەی مافەکانی مرۆڤ ئازادیی بیروبۆچوون وەك مافی بێ‌ئەملاوئەولای مرۆڤەکان چاو لێ دەکرێو هەر بۆیەش قسەکردن لە کۆروکۆبوونەوەو وتوویژ لەگەڵ چاپەمەنی بەشیك لە مافی تاکەکەسی‌یە، نەك مافی کۆمەلایەتی. وتوویژ لەگەڵ چاپەمەنی وەك مافی کۆمەلایەتی یا دانی ئیمتیاز لەلایەن حکوومەتەکانەوە چاو لی ناکرێ، بەلکوو لە وڵاتانی دیموکراتیکدا هەموو کەس دەتوانێ ئازادانە بیروبۆچوونەکانی دەربڕێو ئەرکی دەولەتیشە کە مافی فیربوون،کار، خانوو، ئەمنییەت( مافی کۆمەلایەتی) بۆ یەك یەکی ئەندامانی کۆمەلگا دابین بکا. نابێ کەس بە هۆی دەربرینی بۆچوونەکانی‌یەوە بکەویتە ژیر چاوەدیریی یاسایی‌یەوە. دەبێ ئەوەش بزانین کە یەکیك لە مافە سەرەکی‌یەکانی مرۆڤ ئەوەیە کە مرۆڤ دەبێ پاریزراوبێ، واتە مرۆڤ دەبێ ژیانی بە شیوەیەکی یاسایی گەرەنتی بکرێ. هەروەها ئازادیی بیروبۆچوونو دەربرین مافیکی دیکە لە مافەکانی مرۆڤە کە دابینکردنی ئەرکیکی دیکەی وڵاتانی دیموکراتیکە. لەو مافەدا ئەو ئاکامە مەنتیقی‌یە دەست دەکەوێ کە هیچ هیزیك نابێ هیچ کەس بە هۆی بیروبۆچوونەوە موحاکەمە یا زیندانی بکا.

لە کۆماری ئیسلامی‌دا نەتەنیا هیچ کەس ئەمنییەتی نیە، بەلکوو مافی دەربرینی بیروبۆچوونیشی بە بیانووی جۆراوجۆر لی پیشیل دەکرێ. هەر رۆژێ یەکیك لە رۆژنامەنووسە جیابیرەکان بە بیانووی تەبلیغ دژی نیزام، سیخوری بۆ بیگانەو... دەکیشنە پشت میزی موحاکەمەو جیا لە بەسەردا سەپاندنی حوکمو دیاریکردنی سزایەکی قورسو بێ‌بەریکردن لە مافە کۆمەلایەتی‌یەکان بێ‌حورمەتی‌و سووکایەتیشیان پێ‌دەکرێ. تەبلیغی هەوسار پچراو دژی بنەمابنەرەتی‌یەکانی نیزام یەکیك لەو بابەتانەیە وەك تۆمەت بەسەر ئەحمەدی زەیدئابادی‌دا سەپاوە. کە ئەم چەشنە ناووناتۆرانە هەر تەنیا لە حکوومەتە تۆتالیتیرەکانی وەك کۆماری ئیسلامی دەوەشیتەوە. هەلبەستنی ئەو جۆرە ناووناتۆرانە نیشاندەری ئەوەن کە مەبەستی قازی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی، مەبەستیکی تەواو سیاسی‌و دەربری هەلویستی ریژیمە نەك ئەو قازیانەی کە بە شیوەیەکی عادیلانە دەجوولینەوەو دەیانەوێ حوکمی بێ‌لایەنانە دەربکەن بەهەرحاڵ فەرقو جیاوازیدانان لە باری بیروباوەری تراویلکە کە داهاتووەکەی وەك، چارەنووسی "شارستانەتیی مەزنی شا"و "ناردنە دەرەوەی شۆرشی خومەینی"ی لێ دەکەویتەوە.

***

# ڕۆژنامەنووسیی کوردی‌و ئەرکەکانی سەردەم

مەحموود شیرزاد



ڕۆژی٢٢ی نیسان بە ڕۆژی ڕۆژنامە نووسیی کوردی ناودیر کراوە، ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ی زایینی نیشتمانپەروەری کورد میقداد مەدحەت بەدرخان لە شاری قاهیرەی وڵاتی میسر بۆ یەکەم جار لە میژووی کورددا ڕۆژنامەیەکی بە ناوی "کوردستان" بە زاراوەی کرمانجی‌و بە پیتی عەرەبی دەرکرد کە هەردووحەوتوو جاریك لە چوار لاپەرەدا دەردەچوو. دەرچوونی ئەو ڕۆژنامەیە توانی وەرچەرخانیکی گەورە بێ لە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی‌کورددا‌و ببیتە هۆکاریکی گرینگ بۆ بووژاندنەوەو گەشەکردنی هەست‌و هزری نەتەوایەتیی کورد.بێشك ئەو هەنگاوە دەکریٚ وەك سەرەتای بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی کوردی چاوی لی بکریٚ.

کاروانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی ١٠٥ سالی بەردەوامە ریگەی سەخت‌و پر لە کەندو کۆسپی خۆی دەبریٚ. بیگومان ئەوکەندو کۆسپانەش لەلایەن نەیارانی‌یەوە خراونەتە بەردەمی. هۆیەکەشی دەگەریتەوە سەر ئەو راستی‌یە کە ڕۆژنامەنووسی بەشیکی گرینگ لە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەی کوردی پیك هیناوە. ئەگەر کەمتر لە دوو دەیە لەوە پیشی لی دەرباویین دەبینین کە ڕۆژنامەو راگەیاندنی کوردی لە کوردستان دا بە گشتی بەرهەمی جوولانەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەیی‌و خەباتی حیزبە سیاسی‌یە کوردی‌یەکان بووە. لەگەڵ پاشەکشەی جوولانەوەو قەدەغە کردنی تیکۆشانی ئەو حیزبانەش گۆڤارو ڕۆژنامە کوردی‌یەکان بە نەهینی چاپ‌و بلاو بوونەتەوە.

ئەگەر ئەوبەشە لە کوردستانی ئازاد جیاکەینەوە کە حکوومەت‌و ئیدارەی کوردی پشتیوان‌و یارمەتیدەری ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووسانە، دەبینین کە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دا زۆربەی هەرەزۆری گۆڤارو بلاوکراوە کوردی‌یەکان بە هەول‌و تەقەلای زۆری ڕۆشنبیران‌و خەمخۆرانی فەرهەنگی کوردی بلاو دەکرینەوە.

**لە کوردستانی ئیران بلاوکراوەکان ئیستاش ئەو ئازادی‌یەیان پیٚ نەدراوە بەراشکاوی لە کیشەو ویست‌و داخوازی‌یەکان بدوین و ئازادانە هەوڵ بدەن بۆ تیئۆریزە کردن‌و چەسپاندنی چەمکە سیاسی‌و نەتەوەیی‌یەکان.**

بەلام بە هۆی ئەوە کە ئیستاش ئەو ئازادی‌یەیان پیٚ نەدراوە بەراشکاوی لە کیشەو ویست‌و داخوازی‌یەکان بدوین و ئازادانە هەوڵ بدەن بۆ تیئۆریزە کردن‌و چەسپاندنی چەمکە سیاسی‌و نەتەوەیی‌یەکان. لە سەردەمی سەربەخۆبوونی لایەنە هونەری، زانستی‌و سەرجەم بوارەکاندا گۆڤارو ڕۆژنامەی کوردی وەك یەکیك لە بوارەکانی راگەیاندن لە سەردەستی ڕۆشنبیرانی ئەدیب دەردەچن‌و لایەنی ئەدەبی‌و فەرهەنگی بە سەریاندا زالە‌و وەك سەرەتاکانی ڕۆژنامەنووسی ئیستاش توخمەکانی بەردەوام بوونی خۆی لە ئەدەبیات وەردەگریٚ.

ڕۆژنامەنووسی جگە لەوەی لە زاتی خۆی‌دا هەلگری پەیامی کۆمەلایەتی‌یە هەر لەوکاتەش دا ئەو هەودایەیە کە دەتوانیٚ دوینیٚ بە ئەمرۆ۔ ئەمرۆ بە سبەینیوە ببەستیتەوەو میژوو تۆمار بکا. هەروەها دەتوانیٚ خەلکی کۆمەلگایەکی دیاریکراو لەگەڵ کەلتووری نەتەوەو کۆمەلەکەی خۆی ئاشنا بکا‌و کایە ڕۆشنبیری‌یەکان لیك نزیك بکاتەوەو لە باری سیاسی‌یەوە جەماوەر ریبەری بکا‌و ببیتە کۆلەکەیەکی بەهیزی ڕۆشنبیری، ببیتە دەربری راستەقینەی ئازارو ئاواتەکانی کۆمەلگاو دەنگیکی رەسەن‌و راستویژو چاونەترس. بیٚ بە هەلسەنگینەریکی وردی هەلسوکەوت‌و هەلویست‌و کردەوەکانی دەسەلاتداران، لەپەنا سیٚ دەسەلاتی یاسا دانان‌و بەریوەبەری‌و دادوەری‌دا وەك دەسەلاتی چوارەم، وەك چاوەدیریکی کارامە بەسەر هەموو چالاکی‌و جموجۆلیکی سیاسی، ئیداری‌و حکوومەتی‌دا، بۆ چەسپاندن‌و جیبەجیٚ کردنی بیرورا‌و هزری سەردەم، بۆ وەدیهینانی مافی مرۆڤ، دیموکراسی‌و ئازادی لە کۆمەل دا خەبات بکا.

دیارە لە ولاتانی دیکتاتۆر لیدراو ئەگەر ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووسیی ئازادو راستەقینە بەردەوام لەگەڵ سەرکوت، فشارو سزای توند بەرەوروون، لە بەرامبەردا هیندیك ڕۆژنامەش وەك داردەستی زۆرداران بە مەبەستی تیکدانی ریزەکانی خەلك، چەواشەکردنی راستی‌یەکان‌و هەلخەلەتاندن‌و بەلاریٚدابردنی بیرورای گشتی، وەك ئاوینەیەکی لیلّ بۆ تیشکدانەوەی قەلەمی خۆفرۆش‌و تەسك بینەکان، لەلایەن دەسەلاتدارانەوە مەیدانیان پیٚ دەدریٚ‌و پشتیان دەگیریٚ کە بە خۆشی‌یەوە هەرگیز ناتوانن ببنە خاوەن شوین‌و جیگایەکی ئەوتۆ کە خوینەریکی زۆریان هەبیٚ. هەر بۆیەش تەمەنیان کورت‌و مەودای برکردنیان زۆر تەسکەو خەلك لە جیاتی خویندنەوە بۆ کاروباری دیکەی ڕۆژانە بەکاریان دینن.

گرینگیی راگەیاندن‌و ڕۆژنامە نووسیی ئازاد ئیستا ئیدی بۆ هەموو کەس ئاشکرایە، بۆ وینە لە نیوسەدەی رابردوودا، بەو هۆیە کە لە ڕۆژئاوا ڕۆژنامەو راگەیاندن بە گشتی بە پیچەوانەی ولاتانی ڕۆژهەلات ئازادی‌یەکی بەرفراوانی هەبووە، دیتمان کە وەك ئامرازیکی بە هیز بە باشترین شیوە توانی جیاوازی‌یەکانی نیوان بەرەی ڕۆژهەلات‌و ڕۆژئاوا دەربخا. لیرەدا بۆمان دەردەکەویٚ ئەگەر ڕۆژنامە نووسیی ئازادو سەربەخۆ بە دەسەلات هەبیٚ، لە پیش هەرچەشنە رووداو پیشهات‌و ئالوگۆریکی نەتەوەیی‌و نیونەتەوەیی‌دا حەرەکەت دەکا. هەر بە هۆی راگەیاندن‌و ڕۆژنامەنووسیی ئازادو سەربەخۆوە بەرەی رۆژ ئاواتوانی لە بەرەی ڕۆژهەلات زۆر لە پیشتر بیٚ، بەر لەوەی لە سالی ١٩٩١ی زایینی‌دا بە شیوەیەکی رەسمی یەکیەتیی سۆڤیەت هەلوەشیتەوە. جۆرج بووش سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا سیستمیکی بۆ مامەلەکردنە نیودەولەتی‌و ناوچەیی‌یەکان بە ناوی "سیستمی نویی جیهانی" بەرەسمی رایگەیاند کە سالیك پیشتر لە ریگەی ڕۆژنامەنووسی‌و راگەیاندنەوە وەك چەمکیکی نویٚ زەمینەسازیی بۆ کرابوو.

ئیستا گەلی کوردیش سەرەرای ئەوەی لە زۆربەی بەشەکانی نیشتمانی خۆی‌دا نەی‌توانیوە چارەنووسی خۆی بگریتە دەست‌و بە ماف‌و ئازادی‌یەکانی بگا پیویستە لە بواری ڕۆژنامە نووسی‌و هەرچەشنە راگەیاندنیك‌دا بە سەرنجدان بە پیشکەوتنی راگەیاندنی ئەمرۆی جیهان کاربکا‌و لەو ریگایەوە بۆ تیگەیاندنی کۆمەلگای نیونەتەوەیی لە کیشەکەی‌و ویست‌وداخوازەکانی ریگا خۆش بکا.

نەتەوەی کورد تا ئیستا بەداخەوە نەتەوەیەکی ژیردەست‌و چەوساوەیە. ویستی مرۆڤ‌و گەلی چەوساوە لە ژیر قورسایی ستەمی دیکتاتۆرەکان دا ئەرکی سەرشانی ڕۆژنامە نووسی‌و راگەیاندنی راستەقینە قورستر دەکەن، چونکە دەسەلاتە دیکتاتۆرەکان هەمیشە هەولّدەدەن کۆمەلگا لە چوارچیوەی سیاسەتە داخراوەکانی خۆیاندا بهیلنەوەو پەروەردەی بکەن. هەر بۆیەش دەبینین کۆماری ئیسلامیی ئیران لە سەردەمی جیهانگیری‌و ئەنفۆرماتیك دا بە تایبەتی ئیستا کە لە باری راگەیاندنەوە جیهان بووە بە گوندیکی بچووك، بە شیوەیەکی بەربلاو ڕۆژنامە ئازادیخوازەکان دادەخا‌و نووسەران‌و بەریوەبەرانیان زیندانی دەکا. بەزۆرو سەرکوت پیشی گۆرانکاری‌یەکان دەگرن، ماهوارە، ئینترنیت‌و هەر چەشنە راگەیەنیکی مودیرن لە هاونیشتمانان قەدەغە دەکەن تا خەلك گۆرانکاری‌و پیشکەوتنەکانی ژیانی گەلانی دیکە نەبینن‌و بۆ گەیشتن بەو پیشکەوتنانە شانبەشانی کۆمەلگا بەختیارو پیشکەوتوەکان هان نەدرین. بەلام لە بەدبەختیی ریژیمە دیکتاتۆرەکان، لە جیهانی ئەمرۆدا، پیشکەوتنی تیکنیك‌و بە پیکهاتنی هەلومەرجی نویٚ، ئامرازەکانی راگەیاندن لەپاوانی دەسەلاتداران‌و حکوومەتەکان چوونەتەدەرو وای لی‌هاتووە کە راگەیاندن‌و ئەوانەی لەو بوارەدا کاردەکەن، زۆرهاسانتر لە رابردوو بتوانن پەیامی خۆیان بە خەلکی وەزالە هاتوو لە دیکتاتۆری‌و ملهوری بگەیەنن.

لەکۆتایی‌دا بە بۆنەی ٢٢ی نیسان رۆژی ڕۆژنامەنووسیی کوردی‌و کاروانی ١٠٥ سالەی تەمەنی، پیرۆزبایی لە ڕۆژنامەنووسان‌و راگەیەنە کوردی‌یەکان‌و نووسەران‌و کارگیرانیان دەکەین‌و ئاواتی سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین.

❊❊❊

سەرچاوەکان:

- ڕۆژنامەوانی لە سەردەمی جیهانگیری‌دا
- گۆڤاری ڕۆژنامەوانی ژ٣
- گۆڤاری ڕۆژنامەوانی ژ٦

دریژەی دوا لاپەرە

## نەمگوت تا سەر هەر وا نابی . .؟!

بەلام بە خۆم نیە لە کاتیك‌دا لەگەل ئیوە بە بۆنەی خۆشیی ئیوەوە پی‌دەکەنم، بۆ هاونیشتمانانی هەروا بی‌بەش لە ئازادیی خۆم دەگریم. ئیوە گەری دیلان‌و هەلپەرکی بۆ رزگاریی جەلەولا‌و خانەقین‌و مەندەلی‌و کەرکووك‌و دوزخورماتووو مەخموورو شەنگار دەگیرن، ئەوەتا من سەرچۆپی گرتانم. بەلام دلم لە سنەو سەقزو سەردەشت ومەهاباد‌و ورمی‌و ماکۆو هەوشارو کرماشان‌و ئیلامە. بیرم لای ئەو رۆژە هیشتا نەهاتووەیە کە لە "مەیدانی ئازادیی تاران" لە "خاوەران"‌و هەموو ئەو گۆرستانانەی تیکۆشەران‌و ئازادیخوازانی گوللەبارانکراوی ولاتەکەمیان لی‌نیژراوە، لە دەوری ئەو ئاگرانە کۆ دەبمەوە کە بە وینەکانی ناموبارەکی خامەنەیی‌و رەفسەنجانی دەکرینەوە. بیر لەو رۆژە دەکەمەوە کە دەست لە نیو دەستی هاوولاتی فارس، ئازەربایجانی‌و بەلووچ، عەرەب‌و تورکمەنم‌دا بە خۆشیی کۆتایی هاتنی تەمەنی دیکتاتۆری لە ئیران‌دا دەنگم بۆ گوتنی سروودی "ای ایران" بەرز دەکەمەوە.

❊❊❊

بەختەوەرم کە لە تالترین رۆژان‌و لە تاریکترین شەوانی خەباتی ئەم دوو دەیەی رابردووی گەلی کورد لەم دیوو ئەو دیوی سنووردا، ئەو کاتانەی گەورەترین هیرشە نیزامی‌یەکان‌و خویناویترین پیلان‌و جینایەتەکانم لە دژی ئەم کوردە زۆرلیکراو، بەلام بە چۆك دانەهاتوویەدا بینیوە، تروسکەی هیوام تەنانەت لە لابەلای تەبەق تەبەق هەوری رەش‌دا، بەدی کردوە. تروسکەیەك کە تەعبیرەکەی ئەم دوو دیرە شیعرەی مامۆستا هەژاری نەمر بووە:

**نەمگوت تا سەر هەر وانابی     چاوت لە بەزەیی خوا بی**

❊❊

**پیم وایە دوا بە رۆژی رەش دیٚ     زۆر ناچیٚ کە باوو رۆژی مەش دیٚ**

ئیستا کە پاشی دەیان سال مەرگەسات‌و ویرانی‌و شکان‌و هەستانەوە، سەرئەنجام ئاواتی رزگاریی هەموو خوشك‌و برا کوردەکانم لە بەشیکی کوردستان هاتۆتە دی، هومیدم بە نزیکبوون‌و هاتنی ئەو رۆژەی ئیمە کوردەکانی ئیران‌و هاونیشتمانانمان، لە میژ سالە ئارەزووی دەکەین، لە هەموو کات زیاترە. بەلی:

"پیم وایە دوا بە رۆژی رەش دیٚ     زۆر ناچیٚ کە باوو رۆژی مەش دیٚ"

# کوژرانی ١٣ هەواڵنێرو ڕۆژنامەنووس له ماوەی کەمتر لە یەك مانگدا

له ماوەی کـەمتر لـە مـانگێكدا کـە شـەڕی ئـەمریکاو هاوپـەیمانانی بـە مەبەستی ڕووخاندنی حکوومەتی عـێراق گەیشـتە ئاکـام، ١٣ هـەواڵنێرو ڕۆژنامەنووس لەو ولاتەدا کوژران.

ڕۆژی ٢٢ی مـارس "تـری لویـد"، هەواڵنووسی ئینگلیسی لـە نزیـك بەسرە کەوتە نێوان دوو بـەرەی شـەڕو بـە هـۆی ئـاگری ئەمریکایی‌یـەکان کـوژرا. ئـەو هەواڵنووسە پەنجا ساڵەیە بـۆ تەلـەفزیۆنی INT کـاری دەکـردو یـەکێك لـە پێـش هەنگاوانی گەیاندنی هەواڵەکانی تایبـەت بە شەڕ بوو. وەرگـێڕە لوبنانی‌یـە تەمـەن ٢٨ ساڵەکەی (حوسـێن عوسمـان) و فیلـم هـەڵگرە فەڕانسـەیی‌یە ٤٣ ساڵەکەشـی (Fred Nears) لـەو کاتـەوە بێ‌سـەرو شوێنن.

هـەواڵنێرێکی دیکـەی تەلـەویزیۆنی INT بـە نـاوی Gaby Rado کـە تەمەنی ٤٨ ساڵ بوو، لە سلێمانی کـوژرا. [بـە پێـی لێکۆڵینـەوەو ڕاگـەیاندنی کاربەدەسـتانی حکوومـەتی هـەرێم لـە سلێمانی ئەو هەواڵنووسە خۆی کوشـتبووو هەر بەو مەبەستەش لە سەر بانی هۆتێلـی "ئەبوسەنا"وە خۆی فڕێ دابووە خوار].

"پۆل مۆڕان" هەواڵنووسی ٣٩ سـاڵەی تەلەویزیۆنی ئوسترالیاش لە ٢٢ی مـارس‌دا بە هۆی خۆتەقاندنەوەی کەسێکی سـەر بـە تاقمی ئەنسارولئیسلام لـە نزیـك هەڵەبجـە گیانی لە دەست دا.

وێنەگرو فیلـم هـەڵگری بـە ناوبـانگی ئێرانی کـاوەی گوڵسـتان، ٥٢ سـاڵە ڕۆژی ٢ی ئـاوریل، ڕاسـت لـەو ڕۆژەدا کـە هاونیشـتمانانی لـە ئـێران بـۆ سـەیرانی سێزدەبەدەر لـە مـاڵ وەدەر دەکـەون، لـە نزیك شاری "کفری"ی کوردسـتانی عـێراق پێـی نایـە سـەر مینێـك کـە هێزەکـانی ئەرتەشی عێراق پێشتر دایان نابۆوە. کاوەی گوڵستان لەم ڕووداوەدا گیانی لە دەست دا.

"مایکل کلی"یش لەو ڕۆژنامەنووسانە بوو کە لە شەڕی ئـەم دواییانـەی عـێراقدا چارەنووسـێکی تاڵیـان بەرکـەوت. ئـەو ژۆرنالیستە ٤٦ ساڵەیە لە ڕێگای بەغدایـەدا کـاتێك کـە سـواری ماشـینێکی نـیزامیی ئەمریکایی‌یەکان ببوو، کەوتە بـەر دەسـتڕێژ. شۆفیری ماشێنەکە کۆنترۆڵی لە دەست چـووە دەرو ماشینەکەیان کەوتە نێو کاناڵێکی ئاو. "مایکل کلی" بـۆ ڕۆژنامـەی "واشـینگتۆن پۆست" کاری دەکرد.

ڕۆژی ١٧ی خاکـەلێوە "دێڤیـد بلـووم"، هەواڵنێری تەلـەفزیۆنی ئـەمریکایی NBC کە تەمـەنی ٣٩ ساڵ بوو لە نزیك بەغدایە بـە هۆی تەنگەنەفەسی گیانی دەرچوو.

١٨ی خاکـەلێوە لـە هێرشـی هـەوایی ئەمریکا بۆ سەر شوێنێك لە نزیـك بـەغدادا، هەواڵنووسێکی ئەڵمانی بـە نـاوی (کریسـتین لیبییش) ٣٥ ساڵە کە بـۆ گۆڤـاری Focus کاری دەکرد، هەروەها "خولیـۆ ئانگیتـا" کـە بـۆ ڕۆژنامـەی ئیسـپانیایی "ELMundo" کـاری هەواڵنووسـیی دەکرد، کوژران.

دوو ڕووداوی تـاڵی دیکـە بـۆ ڕۆژنامەنووسـانو هـەواڵنێران، ڕۆژی سێ‌شەمە ١٩ی خاکەلێوە هاتنە پێش. لەم ڕۆژەدا هـەم دەفتـەری ڕایەڵکـەی تەلەویزیۆنیی ئەلجەزیرە لـە بـەغدا کەوتـە بەر هێرشی هەوایی ئەمریکاو لـە ئاکـام‌دا هەواڵنێری ئەو ڕایەڵکەیە (تـارق ئـەییوب) کـوژرا، هـەم هوتێـل فەلەسـتین تەقینەوەیەکی تێـدا ڕوودا کـە ڕاگەیـەندرا تۆپە قورسەکانی ئەمریکای وێ‌کەوتوە. لـە تەقینەوەکـەی هوتێـل فەلەسـتین‌دا (کـە شوێنی سەرەکیی مانەوەی هەواڵنووسان بوو) چوار کـەس لـە هـەواڵنێرانی ئاژانسـی "ڕۆیتـێرز"و فیلـم هـەڵگرێکی ئیسـپانیایی تەلەویزیۆنی Tele5 بریندار بوون.

دوا ڕووداوی تاڵ لە ماوەی ئـەم شـەڕەدا بـۆ هـەواڵنێرانو ڕۆژنامەنووسـان بـۆ ڕۆژنامەنووسـێکی ئـارژانتینی لەگـەڵ هاوڕێکـەی لـە کـاتی تەقینـەوەی تایـەی ماشینەکەیان لـە ڕێگـای بـەغدادا ڕووی دا. ماشـینەکەیان لـە جـادە لای داو وەرگەڕاو هەردووکیان کوژران.



هەواڵنێری ئەلجەزیرە — هەواڵنێری فوکوس — هەواڵنێری تەلەڤیزیونی ئێسپانیا — هەواڵنێری ڕۆیتێرز

***

**فێدراسـیۆنی نێونەتـەوەیی ڕۆژنامەنووسـان، یۆنسـکۆو زۆربـەی هەواڵدەری‌یـەکان، ڕادیـۆو تەلـەویزیۆنو ڕۆژنامـەکانی جیـهان، کەمتـەر خـەمی‌و بایەخ نەدانی لایەنەکانی شەڕ لـە ئاست پاراسـتنی گیـانی ڕۆژنامەنووسـانو هـەواڵنێرانیان مـەحکووم کـردو بـە داخبوونـی خۆیـان لـەو ڕووداوە تالاّنـە دەربڕی.**


**کوژرانـی ژمارەیـەکی ئـاوا زۆر لـە ڕۆژنامەنووسـانو هـەواڵنێران لـە مـاوەی یەك مانگ شەڕدا شتێکی ئەگـەر نـەڵێین بێ‌وێنە، کـەم وێنـە بـوو. بـەڵام ئـەوانو هاوکارەکانیـان، بـە قبووڵـی هـەموو مەترسی‌یەك، ئەرکی پـیرۆزی خۆیـان کـە گواسـتنەوەی هەواڵـەکانو پێشـاندانی ڕاستیی ڕووداوەکـانی شـەڕ بـە بیرو ڕای گشتیی جیهان بوو، جێبـەجێ کـرد. لـە ئاکامی ئامادەبوونی نەترسانەو بێخـەوی‌و ماندوویی نەناسیی نوێنـەرانی ڕاگەیەنـە جۆراوجۆرەکـان لـە نێـو جەرگـەی ڕووداوەکـانی ئـەو شـەڕەدا بـوو کـە زۆربەمان هەزاران دیمەنی ئـەو شـەڕەمان، لـەو کاتـەدا کـە ڕوویـان دەدا یـا چـەند سـاتێك دواتـر، لـە تەلەویزیۆنـەکاندا دەدیت.**

**سەرچاوە: سایتی "ایران امروز"**

## تالاّنی کەلوپەلی مووزەکانی عێراق
# خەسارێکی گەورە کە قەرەبوو ناکرێتەوە

**ب. هیوا**





ئـەوەی کەسـانی هەلپەرسـت، قازانجویستو نـەزان لـە مـاوەی چـەند حەوتووی ڕابردوو لـە عـێراق بـە سـەر گەنجینـەی شـوێنەوارو کەلوپەلـە مێژوویی‌یەکانی ولاّتی خۆیانیان هێنـا، خەسارێکی گەورە بـوو نـەك هـەر بـۆ ولاّتی عێراقو دانیشتووانی، بەڵکوو بۆ سەرجەمی جیهان. خەسارێك کـە تـازە قەرەبوو ناکرێتەوە.

لـە مـاوەی چـەند حـەوتووی ڕابـردوودا مۆزەخانـەکانی بـەغدا، مووسڵو تکریت کەوتنـە بـەر شالاّوی کەسانی هەلپەرەستو قازانج ویسـتو، زۆربـەی کەلوپەلـەکانیان دزی یـا شـکاندیان. ئـەم کەلوپـەلو شـوێنەوارانەی دزران یـا شـکێنران، یادگارو نیشاندەری ئەو شارستانەتی‌یە کۆنانە بوون کە چەند هەزار ساڵ لـەوە پێـش لـەو سـەر زەوی‌یـە هـەبوون. تالاّنچی‌و دزەکان تەنانەت ڕەحمیان بـەو کتێبخانانەش نەکرد کە زۆر بەرهـەمی دەسـتنووسو بێ‌وێنـەیان تـێدا بـوو و سووتاندیانن.

ئـەم جـۆرە ڕەفتـارە لەگـەڵ مۆزەخانەکانو گەنجینە مێژوویی‌یەکان، تووڕەیی‌و بـێزاریی هـەموو مرۆڤێکـی تێگەیشـتوو لـە عـێراقو سەرانسـەری جیهانی به دواوە بوو.کریشۆ ماتسـۆرا بەڕێوبـەری گشـتیی ڕێکخـراوی فەرهـەنگی‌و هونـەریی نەتـەوە یـەکگرتوەکان (یۆنسـکۆ) لـەو پێوەندی‌یەدا گوتی:

"ئەوانـە بەشـێکی زینـدوون لـە کەلەپووری دەوڵەمەندی عێراق. دەبـێ بپـارێزرێن. هـەروەها ڕای‌گـەیاند مۆزەخانەکانی عێراق جێ‌یەکی دیاریان لـە کەلـەپووری ئینسـانی‌دا هەیـەو دەستنووسـەکانی عـێراق شـوێنێکی دیاریـان لـە فەرهـەنگو مەعریفـەتی مرۆڤایـەتی‌دا هەیـە. دەبـێ هـەقی مرۆڤایـەتی‌و عێراقی‌یـەکان لـەو کەلـەپوورەدا پـارێزراو بێـت". [1]

یۆنسـکۆ هـەر لـەو پێوەندی‌یـەدا هەیئەتێکی ڕەوانـەی عـێراق کـرد تـا وابکـەن زەرەر لـە نیوەشـی بـێ، بگەڕێتـەوەو لانیکـەم ئـەوەی مـاوە پارێزگاریی لێ‌بکرێ.

هەر لەو پێوەندی‌یەدا لەگەڵ تـالاّن کردنی‌و زیـان پێ‌گەیشـتنی کەلوپـەلو شوێنەوارە مێژوویی‌یـەکانی عـێراقدا، سێ ڕاوێژکاری فەرهەنگیی جۆرج واکـێر بووش سەرکۆماری ئەمریکا، دەسـتیان لە کار کێشایەوە. "ئەو سێ کەسە کـە بریتی بـوون لـە "مـارتین سـولیوان"، "ریچـارد لانـیر" و "گـری ویکـن"، ئەندامی شووڕای ڕاوێژکـاریی سـامانە فەرهەنگی‌یەکانی کۆشکی سپی بـوون، ڕایانگەیاند بە نیشانەی ناڕەزایەتی لـە کەمتەرخەمیی ئەرتەشی ئـەمریکا لـە پارێزگاری کردن لە پاراستنی مـووزەی بەغدادا، دەست لـە کـار دەکێشـنەوە. ئەوان گوتیان:

"ئەرتەشـی ئـەمریکا دەبـا بـۆ پاراستنی شـوێنەوارە مێژوویی‌یـەکانی موزەخانەی بەغدا، هەوڵی پتری دابـا. "ریچـارد لانـیر" گوتـی هـێزە نیزامی‌یەکانی ئەمریکا قـەدری نـەوت دەزانـن، بـەڵام نرخـی شـوێنەوارە مێژوویی‌یەکانی عـێراق تێ‌ناگـەن. بـە گوتـەی نـاوبراو ئەمریکایی‌یـەکان لـە ئاسـت شـوێنەوارە مێژوویی‌یـەکانی عێراق‌دا بە تەواوی کەمتەرخەم بوون.

دیـارە دەوڵـەتی ئـەمریکا دوای ئـەوەی مووزەخانـەکان بـەم چەشـنە کەوتنـە بـەر شالاّوی تـالاّنو زیـان پێ‌گـەیاندن، تـاقمێك لـە لێکۆڵـەرانی FBI ی نـاردە عـێراق تـا شـوێنەوارە دزراوەکان بدۆزنەوە. [2] ئەم هەوڵـە وەك ڕاگەیەنە فارسـی زمانـەکان نوسیانو گوتیـان "نۆشداروی پاش مـەرگی سۆهراب" یا وەك لـە کوردەواریـی خۆمـاندا دەڵێـن "قوولـەی دوای گورگـی" بـوو. چونکـە نـە ئـەو کەلوپولانەی شکانو لە نێوبـران، تـازە پـەیدا دەبنـەوە، نـە ئەوانـەی دزراون، هەموویان دەست دەکەونـەوە. لـە نێـو شـوێنەوارە مێژوویی‌یـە دزراوەکـاندا، کەلوپەلی ئەوتۆ هەن کە هی ٥ هـەزار ساڵ لەوە پێشن.

کەسـانێك ئـەم زیانـە قـەرەبوو نەکراوانـەیان بـەو شـوێنەوارە مێژوویی‌یانـە گـەیاند، کـە بۆخۆیـان خـەڵکی عـێراقو خـاوەنی ئەسـڵیی گەنجینـەکان بـوون، بـەڵام لـە بـەر قازانجپەرستی، یـا نـەزانی، ئەمـەیان کردو بوون بە هۆی تووڕەیـی زۆرو داخو پەژارەی قووڵی ئینسانە تێگەیشـتوو و بـە فەرهەنگـەکان لـە عـێراقو سەرانسەریی جیـهاندا. بـەڵام تـازە چ دەکرێ؟ بەردێك شێتێك لـە گۆمێکـی باوێ بە سەد عاقڵان نایەتەوە دەرێ!

***

سەرچاوە:

(١) ڕۆژنامـەی برایـەتی، ژمـارە ٣٩٧٠، شـەممە ٢٠٠٣/٤/١٩ "بـۆ شـوێنەراو کتێبخانـەو دەستنووسـە دەگمەنەکانی بەغدا، یۆنسکۆ هـاواری لێ‌هەڵستا."

(٢) سـایتی BBC Persian، "آمریکا قدر نفت را می‌داند، اما ارزش آثـار باسـتانی را نمی‌فهمد". ٢٠٠٣/٤/١٨.

# روانینێك بۆ ڕۆژنامەی "کردستان" یەکەم ڕۆژنامەی کوردی

کرمانج حەقی

سەدو پینج سال بەسەر دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردیدا تیپەردەبی. ئاهەنگی ئەو خەباتە نەتەوایەتی و رۆشنبیریەی کە ١٠٥ سال لەمەوبەر بە خامەی باوکی رۆژنامەنووسیی کوردی "میقداد میدحەت بەدرخان" دەستی پیکردووە، ئەمرۆ لە قەدەر خۆی پەرەی گرتووە. کورد لە سایەی تیکنۆلۆژی نویداو لە سەدەی راگەیاندندا لە هەموو شیوەیەکی ریکخراو و ریك نەخراو کەلك وەردەگری بۆ گەیاندنی پەیام و مەبەستی خۆی. دەبی رۆژنامەی "کردستان" لە چ بارودۆخیکی میژوویی، سیاسی، رۆشنبیری، ئابووری و کۆمەلایەتیی گەلی کورددا دەرچۆبی و بۆچی هەرچی لە ریکەوتی دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی دوور دەکەوینەوە نرخ و گرنگیی ئەو رۆژە زیاتردەبیٚ؟ ئەم وتارە پیداچوونەوەیەکی سەرەتاییە بە سەر نیوەرۆك، شیواز و هەلومەرجی دەرچوونی رۆژنامەی "کردستان"دا.

## هەلومەرجی دەرچوونی "کردستان"

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا، بیرورای نەتەوایەتی کە لە دوای شۆرشی فەرانسە لە سالی ١٧٨٩ لە ولاتانی ئوروپاییدا سەری هەلدابوو، سنوورەکانی ئیمپراتۆریی عوسمانی تیپەر کرد. رۆشنبیرانی عەرەب، ئەلبانی و بولغاری کەوتبوونە بیری کەسایەتیی نەتەوەیی خۆیان و بۆ وەدەستهینانی سەربەخۆیی خۆیان لە ژیر چەپۆکی تورکانی عوسمانیدا خەباتیان دەکرد.[1]

رۆشنبیرانی تورکیش لە کاریگەریی ئەم هەستی نەتەوایەتییە بەدەر نەبوون. پیشرەوانی بیری پان تورکیسم، کە زۆربەیان لە ولاتانی ئوروپاییدا بلاو ببوونەوە لە هەولی دامەزراندنی ولاتیکی تورکدا بوون، کە هەموو تورکەکان کۆبکاتەوە. تورکەکان بە پیکهینانی ریکخراوە و بلاو کردنەوەی گۆڤار و رۆژنامە بیری نەتەوایەتییان بلاو دەکردەوە.[2]

ئا لەم هەلومەرجەدا رۆشنبیرانی کوردیش، کە زۆربەیان لە بنەمالە خاوەن شکۆکانی میرانی کوردی ئاوارەی ئەستەنبۆل یان لاوانی سەرۆك عەشیرەتەکان بوون، کەوتنە گەشەپیدانی بیری نەتەوایەتی.

خەونی رۆشنبیرانی کورد و تورك لەوەدا یەك بوون کە هەردووك دەیانەویست یەکەیەکی سیاسیی سەربەخۆ دابمەزرینن، بەلام لەوەدا جیا بوون، کە خەونی کوردەکە بەدیهینانی زەحمەتتر بوو. نەتەوەی کورد رۆشنبیری کەم بوو، ئابوورییەکی لاوازی پارچەپارچەی وەرزیری و مەرداری هەبوو، یەکگرتنی عیل و عەشیرەتە جوداکان پیشبینی نەدەکرا. میقداد محەمەد بەگ، خاوەن و سەرنووسەری یەکەمین رۆژنامەی کوردی، لە سەروتاری یەکەم رۆژنامەی کوردیدا بەراشکاوی قامك لە سەر ئەم خالە دادەنی.[3]

## میقداد میدحت بەدرخان

یەکیك لە پیشرەوانی هەستی نەتەوایەتی کورد، "میقداد میدحت بەگی بەدرخان" کوری میری بۆتان بەدرخان، بوو. بنەمالەی بەدرخان یەکیك بوو لە دەسەلاتدارترین میرانی کورد، باوکی میقداد بەگ دژی دەولەتی عوسمانی راپەری، بەلام دەولەتی عوسمانی بەیارمەتیی یەزدانشیری برازای میر بەدرخان، راپەرینی بەدرخانەکان لە ١٨٤٧دا تیك دەشکینی و لە ئەنجامدا میقداد بەگ دووردەخریتەوە بۆ قاهیرەی پیتەختی میسر. لیریە کە باوکی رۆژنامەڤانیی کوردی یەکەمین لاپەرەی رۆژنامەنووسیی کوردی دەکاتەوە.

## رۆژنامەی "کردستان"

بەدرخان لە سەروتاری یەکەم رۆژنامەی کوردیدا باسی ئەوە ناکا کە بۆچی ناوی "کردستان"ی بۆ رۆژنامەکەی هەلبژاردوە. بەلام ئەو ناوە دەبی لە چوارچیوەی گەشەسەندنی هەستی نەتەوایەتیی ئەو سەردەمەدا لە بەرچاو بگیری. خەونی بەدرخان کوردستانیکی یەکگرتوو بووە لە دەولەتیکی سەربەخۆدا و هەندیك لە خوینەرانی "کردستان"یش هەستیان بەمە کردوە. لەورا یەکیك لە خوینەرانی لە دیمەشقەوە، کە خۆی بە لاوی شیخ فەتتاح دەناسینی لە شیعریکی دریژدا ئاوا هەستی خۆی بەرانبەر بە "کردستان" دەردەبری:

پیرۆزە ژ تە هەزار جارا
ئەڤ دەنگە نهۆ لناڤ یارا
مزگینیا ڤی جەریدەیا قەنج
شاباش تبتن قا هەبت گەنج.

***

رۆناهیا باب و کال و ئەجداد
پەیڤی هونەری، تەکر نهۆ شاد
بەیبوونیا دەولەتا تە گەش بت
قاسی تو هەبی، دلی تە خوەش بت[1]

یەکەم ژمارەی "کردستان" لە رۆژی پینج شەممەی ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ لە قاهیرە لە چاپخانەی "الهلال" دەرچوو. لە ژمارەی یەکەمی "کوردستان"دا لە لاپەرەی یەك بە تورکی ئەم رستەیە نووسراوە: "لە پیناو هاندانی کوردان بۆ خویندن و زانست". لە ژمارەی ٣دا لە ژیر ناوی "کردستان"دا ئەم رستەیە نووسراوە: "پازدە رۆژ جاریك دەردەچی. جەریدەیەکی کوردیە."

لە ژمارەی ٢٤ەوە گۆرانیکی کەم لە ژیر ناوی "کردستان"دا دەبینری و بەتورکی نووسراوە: "مانگی جاریك دەردەچی، رۆژنامەیەکی کوردییە." لە ژمارەی ٢٥ەوە ئەم گۆرانە لە زمانی کوردیشدا بینراوە. "هەیڤی جارەکی دەردەچە، جەریدەیەکا کوردیە."

## چاوخشاندنیک بە ژمارەکانی "کردستان"دا

خاوەنی "کردستان" میقداد میدحەت بەدرخان ئامانجی رۆژنامەکەی لە سەروتاری یەکەم رۆژنامەی کوردیدا بەوجۆرە دەردەبری: "لە هەر کوییەك فیرگە وقۆتابخانەی چاك هەبی، من نیشانی کوردەکانی دەدەم (بۆیان باس دەکەم)، هەر شەریك رووبدا، دەولەتانی مەزن چ دەکەن، من باسی هەموویان دەکەم."[3]

میقداد بەدرخان بی ئاگا نیە لە بایەخی کارەکەی و دەزانی سەردەمی خۆیەتی، لە یەکەم سەروتاردا دوای راگەیاندنی ئامانجی رۆژنامەکەی سەرنجی خوینەران بۆ ئەمە رادەکیشی، کە ئەمە یەکەم رۆژنامەی کوردییە: "تا ئیستا کەسیك جەریدەیەکی وای (بە کوردی) دەرنەکردوە، ئەم جەریدەیەی من یەکەم جەریدە(ی کوردی)یە. بۆیە پرە لە کەموکوری، هیوادارم کەمو کۆریەکانی رۆژنامەکەم بۆ بنووسن."

بەلام میدحەت بەدرخان وەك سەرکردەیەك دەزانی کە بەبی بەشداریی خوینەرانی سەرکەوتوو نابی، بۆیە دەلیٚ: "هەرشتیك کە تازە سازدەبی کەموکۆریی هەیە. بەلام دوای ئەمە ریگای خۆی دەگریتە بەر."

## زمانی "کردستان"

هەرچەند کوردستان رۆژنامەیەکی کوردی بووە، بەلام لە بەر تیکەلاوبوونی رۆشنبیری کورد لە گەل رۆشنبیرانی گەلانی ناوچەکەدا و لەبەر ئەوەی کە حوکمرانان زمانیان تورکی و عەرەبی بووە، "کردستان" ناچار بووە بەم زمانانەش بنووسی.

سی ژمارەی یەکەمی "کردستان" تەنیا کوردی نووسراون. بەلام لە ژمارەی چوار بەدواوە نووسراوەی زمانی تورکی تیکەوتوە. ئەم نووسراوە تورکییانە لە ژمارەکانی ٤، ٥، ٦ و ٧دا بەشیوەی نامەی سەر ئاوالە (داخوازینامە) بۆ سولتان عەبدوبدولحەمیدی دووەم نووسراون. ژمارەکانی ٩ و ١١ و ١٥ تەنیا بە کوردی نووسراون و ئەوانیتر بە کوردی و تورکی دەرچوون. هەروەها دووجار نووسراوەی عەرەبییش لە "کردستان" بلاو کراونەتەوە: یەکەمیان نامەی "عەلی کوری حوسینی ئامیدی"یە کە لە "ماردین"ەوە ناردویەتی و لە ژمارەی ٨دا بلاو کراوەتەوە، ئەوی تریشیان نامەی "شیخ حەسەن"ە کە لە نابلۆسی لوبنانەوە بۆی ناردوە و لە ژمارەی ١٦دا بلاو کراوەتەوە.

"کردستان" بە زمانی کوردیی کرمانجی سەروو نووسراوە، بەلام وشەکانی عەرەبی و فارسی بەشیوەیەکی بەرچاو لە رۆژنامەکەدا بەکار هاتوون. لەو سەردەمەدا لە ناو رۆشنبیرانی کورددا باو بووە، کە کەلك لە وشەی عەرەبی و فارسیش وەرگرن و ئەمەشیان بە نیشانەی رۆشنبیری و پیشکەوتوویی داناوە.

## دژایەتی سولتان

ریژیمی عوسمانی ریی لە بلاو کردنەوەی رۆژنامەی "کردستان" لە نیو خۆی کوردستان دەگرت. بۆیە لە ژمارەی ٤دا یەکەم نووسراوەی میقداد بەدرخان بە تورکی دەرچووە، کە داوا لە سولتان عەبدولحەمیدی دووەم دەکا، پیشی بلاو کردنەوەی رۆژنامەکەی لە کوردستان نەگرن. "ئەم نووسراوەیەی سەرەوە (کە) بەتورکیم نووسیوە نامەیەکە بۆ حەزرەتی سولتان عەبدولحەمیدخان. لەم نامەیەدا داوای لیدەکەم ریگا بدا رۆژنامەی من بە ئازادی بگاتە کوردستان."[4]

"لەو ولاتانەی کە رۆژنامە یان بۆ دەنیرم، نامەیان بۆ من نووسیوە، کە حکوومەتی عوسمانی ریگا نادا رۆژنامەکەم بەدەستیان بگا، چونکە ئەوان کوردی نازانن، دەلین رۆژنامەکە دژی ئەوان نووسراوە."[5]

جیی سەرنجە، کە میقداد بەگ خودی سولتان بیتاوان دەزانیو دەوروپشتەکەی تاوانبار دەکا. هەروەها دان بەوەدانانی، کە دژی دەولەتی عوسمانییە. بەلکوو دەوروپشتی سولتان تاوانبار دەکا، کە کوردی نازانن بۆیە وادەزانن کە رۆژنامەکە دژی سولتانە. دەکری مرۆڤ لەو سەردەمەدا ئەو کارەی بابی رۆژنامەڤانیی کوردی بە پیرەوی کردن لە "ریال پۆلیتیك" بزانی. چونکە سولتانیك کە دەستی لە هەموو رۆژهەلاتی نیوەراست و بەشیکی زۆر لە ئوروپاشدا رۆشتوە، دژایەتی کردنی راستەو لەوانەیە ببوایەتە هۆی ئەوە کە، "کردستان" لە یەك ژمارە زیاتر دەرنەچی. بەو حالەش دەولەتی عوسمانی بەردەوام دەبی لە ریگرتن لە بلاوبوونەوەی رۆژنامەکە لە کوردستاندا. لە وەلامی نامەی خوینەریکدا بەناوی سەید تاهیری بۆتانی کە لە "ئەدەنە"وە دەینیری و داوای ٥٠ ژمارەی رۆژنامەکە دەکا (ئەو کاتە کوردەکان بۆ کار و دروینەی دەخلودان کۆچباری ئەوی دەبوون) بەدرخان دەنووسی: ".... بە ریی گیویستەوە رۆژنامەکانم بلاو بکرینەوە، من ناچارم ریگەیەکی دیکە بدۆزمەوە بۆ ئەوەی ٥٠ دانە "کردستان" بەدەستت بگا."[5] ئەمە دەریدەخات کە بەدرخان سوور بووە لە سەر بلاو کردنەوەی رۆژنامەکەی.

## چاپخانەی "کردستان"

ژمارە ١ تا ٣ی کوردستان لە چاپخانەی "الهلال" لە قاهیرە لە چاپدراون و ژمارەکانی ٤ و ٥ ، لە "چاپخانەی جەریدەی "کردستان" لە چاپ دراون. بەم پییە دەکری بوتری، کە "چاپخانەی جەریدەیا کردستان" یەکەم چاپخانەی کوردی بوە، کە رۆژنامەی دەرکردووە. بەلام ئەو چاپخانەیەش هەر چاپخانەی "الهلال" بووە. لە ژمارەی ٤ەوە کە میقداد بەگ بە زمانی تورکی نامەی سیاسی دژ بە دەوروبەری سولتان بۆ سولتان نووسیوە، لەوە دەچی کە چاپخانەی "الهلال" ئەو بەرپرسیارییەی لە ئەستۆ نەگرتبی و رازی نەبووبی ناوی چاپخانەکەی بچیتە سەر رۆژنامە. بەمە خۆی لە گیروگرفت پاراستبیٚ.

## گەرانەوەی میدحەت بەگ بۆ ئەستەنبۆل

میسر ئەوکات هەرچەند لە ژیر نفووزی ئینگلیزدا بووە، دەولەتی عوسمانی و حوکمی پادشای عوسمانی لەوی بری کردوە، بەشیوەیەك کە دەیتوانی پیشی بلاوکردنەوەی رۆژنامەیەکی ئوپۆزیسیۆن بگری. سولتان عەبدولحەمیدی دووەمیش ئەوەی کردو پیشی بلاوبوونەوەی "کردستان"ی گرت.

حکوومەتی عوسمانی سەرئەنجام بۆ ئەوەی، کە پیشی بلاوکردنەوەی "کردستان" بگری، میقداد میدحەت خان دەگیریتەوە بۆ ئەستەنبۆل، بەلام رۆژنامەکە لە دەرچوون ناوەستی و "عەبدولرەحمان"ی برای محەممەد بەگ لە ژنیڤ دەست بە دەرکردن و بلاو کردنەوەی رۆژنامەی براکەی دەکا.

عەبدولرەحمان لە دریژەی نووسراوەکەیدا دەلی: "من لەم جەریدەیەدا نامەیەکی رۆمی (تورکی)م نووسیوە بۆ سولتان عەبدولحەمید خان. لە نامەکەمدا دەلیم، لە بەر ئەوەی کە، سولتان ریگای نەداوە براکەم جەریدەکەی لە ملکی سولتاندا بلاوبکریتەوە، منیش جەریدەکە لە ملکی ئەو دەردینم، تا بتوانم لە ریگای ئەو رۆژنامەیەوە بۆ چاکی کوردەکان خەبات بکەم و باسی ناپاکیی کەسانی دەوروبەری سولتان بکەم."

بەگۆرینی سەرنووسەری "کردستان" ئامانجی "کردستان" ناگۆری. یەکەم رۆژنامەی کوردی هەرچەند دەنگوباس بە شیوەی رۆژنامەکانی ئەوکاتەش بلاو ناکاتەوە، بەلام لە سەر رووداوەکانی جیهان رادەوەستی وشییان دەکاتەوە. نزیك بە تەواوی وتارەکانی "کردستان" باسی چاکیی زانست و خویندن دەکەن. بەدرخانەکان چاك لەوە گەیشتبوون کە یەکەم دەردی کورد نەزانین و "جەهالەتە"، بۆیە ئەوان ئەوەیان وەك یەکەم دوژمنی راستەقینەی گەلی کورد لە قەلەم دەدا. لاپەرەیەکی تایبەتی تەرخان دەکری بۆ شاکارەکەی ئەحمەدی خانی مەم و زین و هەمووجاری بەشیکی لی بلاو دەکریتەوە.

نیوەرۆکی "کردستان" تەنیا لە دەنگوباس، روونکردنەوەو بابەتی ئەدەبیدا کورت نابیتەوە، "کردستان" وەك هاندەری هەستی نەتەوایەتیی کوردەکان ئەرکی بەجیهیناوە. خەبات دژی ریژیمی عەبدولحەمید، میژووی کوردو کوردستان بەتایبەت میژووی میری بۆتان، دژایەتی لە گەل شەری کورد و ئەرمەنی لەو بابەتانە بوون کە لە ٣١ ژمارەی "کردستان"دا جیگایان گرتوە.

## هۆی دواکەوتنی دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان

هۆشیار کەریم قەرەداخی لە وتارەکەی بە بۆنەی سەدەمین سالرۆژی دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردییەوە دەلیٚ: "هۆی سەرەکیی دواکەوتنی لە دەرچوونو گۆرانی شوینی دەرچوونی ئەم رۆژنامەیەدایە." خاوەنی رۆژنامەکە نەیتوانیوە لە شوینێك جیگیر بیٚ و لەو نامەیەدا کە لە ژمارەی ٥دا ئاراستەی سولتان عەبدولحەمید دەکا، دەردەکەویٚ کە سیخور و جاسووسە عوسمانییەکان زۆر تەنگوچەلەمەیان خستۆتە بەردەم دەرچوونی "کردستان" و ژیانی باوکی رۆژنامەنووسیی کوردی. لە بەر ئەمە میقداد میدحەت بەدرخان دوایی قاهیرەی بەجیهیشتوەو گەراوەتەوە بۆ ئیستانبوول و براکەی لە ژنیڤ دریژەی بە سەرنووسەریی رۆژنامەکە داوە و "کردستان" دووبارە لە ژنیڤەوە بەرەو قاهیرە و لەویشەوە بۆ لەندەن و فۆلکستۆن و دواجاریش بۆ ژنیڤ کە ژمارەکانی ٣٠ و ٣١ی لیٚ دەرچووە، کۆچی کردوە.

هۆیەکی دیکەی دواکەوتنی "کردستان" کەمی یان نەبوونی چاپخانە بە تایبەت لە ولاتانی ئوروپاییدا بووە. لە ژمارەی ١٦ لە ١٨٩٩/٧/٢٥ ئەم کۆسپەی دەستنیشان کردوە. لەوە ناچیٚ کە کۆسپی ئابووری بوبیتە هۆی دواکەوتنی دەرچوونی "کردستان". چونکە هەموو جاریٚ ٢٠٠٠ ژمارەی خۆرایی بۆ کوردستان دەنیردرا. ئەم رادەیە لە دوای ژمارەی ٢٠ دەبیتە ٢٠٠ دانە، بەبیٚ ئەوەی هیچ تیبینییەك بەدی بکریٚ کە هۆیەکەی ئابوورییە.

## شیوازی کوردستان

"کردستان" لە قەوارەی B4 ( ٢٢,٥ سم لە ٣٢,٥ سم) لە چوار لاپەرەدا دەردەچوو. فۆرماتی B لەو کاتە پەسەندترین شیوازی بلاو کردنەوە بووە و ئیستاش بەشیکی زۆر لە گۆڤار و پەرتووکەکانی ئەمەریکی و ئەفریقییەکان بەو فۆرماتە دەردەچن. لە ناسنامەی رۆژنامەکەدا ناوی "کردستان" بە پینووسی نەسخ نووسراوە. لە ژیریشیدا سالی دەرچوونی یەکەم ژمارە (١٣١٥) نووسراوە. ئەم نووسینە تا دوایین ژمارەی "کردستان"، وەك ناسنامەی رۆژنامەکە لە یەکەم لاپەرەی "کردستان"دا چاپ کراوە. لە لای راستی ناوی "کردستان" نووسراوە: هەر نامەیەك دەنیردریٚ، دەبیٚ بۆ میسر بنیردریٚ بەناوی خاوەنی جەریدەکەوە: "کوری بەدرخان پاشا" ـ " میقداد میدحەت بەگ". هەرجاریٚ ٢٠٠٠ دانە بە بەلاش بۆ کوردستان دەنیرم، کە بدریٚ بە خەلك بخوینریتەوە. لای راستی "کردستان" بە تورکی جگە لە زانیارییەکانی سەرەوە، ئەم رستەیەش نووسراوە ؛سالانەی بۆ دەرەوەی کوردستان ٨٠ قرووشە، بۆ ناوەوەی کوردستان بۆ داواکاران بە خۆرایی دەنیردریٚ."

لە ژمارەی ١٦ بەدواوە ناوی "کردستان" لە لاپەرەی یەکەم بە شیوەی لاتینیش دەنووسریٚ کە شیوازی فۆنتۆگرافیەکەی ٣ جار گۆرانی بەسەردا هاتوە. لە ژیر ناوی لاتینیی "کردستان"دا ناونیشانی کوردستان بە لاتین نووسراوە.

لە ژیر ناوی "کردستان"دا بە تورکی ئەم رستەیە نووسراوە: لە پیناوی هاندانی کوردان بۆ خویندن و زانست. ریکەوتی بلاوکردنەوەی رۆژنامە لە نیوان سیٚ هیلیٚ ١ بە ئەستوورایی یەك خالٚ (POINT)کە دووانیان لە خوارە نووسراوە: رۆژی پینجشەممە ٣٠ زیلقعدە سالی ١٣١٥(ی کۆچی)، پینج شەممە ٤ی نیسانی ١٣١٤(رۆمی) بەرانبەر (٢٢ی ئاوریلی ١٨٩٨ی زایینی).

بە گشتی "کردستان" لە یەك شیوە نووسین کەلکی وەرگرتوە. ئەم کارە لە روانگەی زانستی گرافیك و چاپەمەنییەوە وەك خالیکی بەهیز بۆداهینانی ستانداردیکی فۆنتۆگرافی و دارشتن سەیر دەکریٚ و وەك یەکەم هەنگاو لە رۆژنامەنووسیی کوردیدا بە گەورەترین هەنگاویش دەبینری. لەلایەکی دیکە نیشانەی ئەوەیە کە خاوەنی کوردستان پسپۆری و کارناسییەکی چاکی هەبووە لە هەلبژاردنی جۆری پەیام گەیاندن، هەرچەند جاریٚ لەو سەردەمەدا زانستی گرافیك لە زانکۆکاندا نەدەخویندرا. لە ژمارەی شەشەمەوە شیوازی یەکەم لاپەرەی "کردستان" کەمیك دەگۆریو ئەندازەی هیلەکەی ژیرەوەی ریکەوتی دەرچوونی کوردستان لە یەك گۆینتەوە دەبیتە ٢ گۆینتی جووتە هیل. هەروەها هیلەکانی سەرووی لاپەرەکان لە یەك گۆینتی جووتە هیلەوە دەبیتە دوو گۆینت.

جگە لە ژمارەکانی ٢٠ بۆ ٢٢ کە سیٚ ستوونی بوون، هەموو ژمارەکانی تری "کردستان" بە شیوەی دووستوونی داریژراون کە هیلیکی ناسك ستوونەکانی لەیەك جیا دەکاتەوە. ئەو لاپەرانەی هۆنراوەیان تیدایە بە سیٚ ستوونی یان چوار ستوونی دەرچوون.

بەگشتی "کردستان" دەکریٚ وەك رۆژنامەیەکی پیشکەوتوو لە باری نیوەرۆك و شیوازی دارشتنەوە سەیر بکریٚ. لیکۆلینەوەی بابەتەکان و ئەندازیاریی "کردستان" دەکریٚ ببیتە دەستپیشخەریك بۆ بناخەدانانی ستانداردیکی زانستی لە بلاوکردنەوەی رۆژنامەگەریی کوردی، بەتایبەت لە سەدەی پیوەندیەکاندا.

***

### پەراویزەکان:

١ـ محەمەد ئەمین بۆزئەرسەلان، کوردستان رۆژناما کوردی یا پیشین، ١٩٠٢ـ ١٨٩٨ن وەرگیرانی لە پیتی عەرەبییەوە بۆ پیتی لاتینی، بەرگی یەکەم چاپی سوید ١٩٩١

٢ـ د. سەعید شەرەفکەندی، کورتە میژووی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد، وەرگیرانی بۆ کوردی، تەها عەتیقی، ئاگیك، سوید ١٩٩٥

٣ـ میقداد میدحەدبەگیٚ بەدرخان، کردستان، سالا عەوەلیٚ، عدد ١، رووپەر ١ـ رۆژا پینجشەممە ٣٠ زیلقعدە سنە ١٣١٥

٤ـ "کردستان"، ژمارە ٣

٥ـ "کردستان" ژمارە ٤

٦ـ هۆشیار کەریم قەرەداخی، لە یادی تیپەربونی سەدەیەك بە سەر دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی "کردستان" لە جیهاندا، تیشکی رۆژنامە ژمارە یەك، لەندەن هاوینی ١٩٩٨

# ماڵپەڕێك بۆ شەهیدان لە جیهانیی ئینتێرنێتدا

## www.shehid.com

"سایتی شەهید" یا "کاروانی نەمرانی دیموکرات" بۆ زۆر لەو کوردانەی کە دەستیان بە ئینتێرنیت رادەگاو ئاشنایەتییان لەگەل سایت یا مالپەرە کوردیەکان هەیە، ناویکی ناسراوە. ئەو سایتە ماوەی دوو سالە دەست بە کار بووەو ئیستا لە نیو مالپەرە کوردییەکانو لە دلی خوینەرانو بینەرانی ئەو مالپەرانەدا، جیی خۆی کردۆتەوە.

١٠ی خاکەلیوەی ئەمسال، لە پەنجاو شەش سالەی شەهیدکرانی پیشەوا قازی محەمەدو رۆژی ریزگرتنی شەهیدانی کوردستاندا، هەروەها بە بۆنەی دووهەمین سالی دەست بەکار بوونی سایتی "شەهید" لە گەل دامەزرینەرو بەریوەبەری ئەو سایتە هاوری "سەلاح شەشە"دا پیوەندییمان گرتو چەند پرسیاریکمان بە لیکرد. بە داخەوە کاك سەلاح لە بەر کارو سەرقالیی زۆرو وەزعیەتی جیسمیی تایبەت بە خۆی، درەنگتر لەوەی چاوەروانیمان دەکرد وەلامەکانی ناردنەوە. هەر بۆیە ئەم وتوویژە فریای ژمارەی رابردووی "کوردستان" نەکەوت.

پیویستە بگوتری کاك سەلاح لەو پیشمەرگە قارەمانەیە کە لە سالی ١٣٦٢ەوە کەم ئەندامە، بەلام سەرەرای کەمئەندامیو یەکمالیی هەمیشەیی لەگەل دەردو ئازارو نەخۆشی، لە تیکۆشانی حیزبیو بەجیهینانی ئەرکی نەتەوەیی خۆی غافل نیە. دامەزرانی سایتی "شەهید" لە لایەن ئەو هاوری دلسۆزو ماندوویی نەناسەشەوە هەر لەو راستییەوە سەرچاوە دەگری.

سەرنجتان بۆ ئەم وتویژە رادەکیشین:

❊❊❊

**پرسیار: ئەم سایتە لە چ سالیکەوە هەیەو چۆن بوو کەوتیە بیری دروست کردنی؟**

وەلام: لە رۆژی دەی خاکەلیوەی ٢٠٠١ بە وینەی ١٠٠ شەهید لە هەموو ناوچەکانی کوردستانەوە بۆ یەکەم جار هاتە سەر هیلی ئینتیرنیت. سالی ١٩٨٣ کە بریندار بووم، پاش دووسال لە نەخۆشخانە دوکتورەکانم گوتیان بەو زووانە نامری. دەستەکانو سەرت زۆر باش کار دەکەن، بەلام چەند عەمەلی جەراحیی دیکەت لە سەر دەکەینو هەتا ماوی هەر دەبی دەرمان بخویو دەگەل ژانی لەشت رابیی. هەتا ئیستا ١٤ جار عەمەل کراوم، دەگەل ژانەکەشم هاوژینم. هەرکات لەشم بیژان دەبی، هەروا دەزانم شتیکم لیون بووە. چونکە هاوژینەکەم بە دلی خۆم نەبووە، دلدارییشی لە سەر دەکەم. هیچ کات دلداری یەکەم، کوردستانو دووهەم حیزبو سیهەم پیشمەرگەم لە بیر ناچی.

ئەوکاتە کە هاتمە سوئید، کوردی کەم لیبوو. هاورییانی حیزبیم زۆر کەم بوون. کاری حیزبییش هەتا بلیی هەبوو. بە راستی لە راست هاوسەنگەرانی شەهیدمدا خەجالەتیم دەکیشا کە ئەوان هەموو لەشیان قوربانی کوردستان کرد، بەلام من دەستو سەرم ساغە. خۆم پیرانەوەستا، هەر لە نەخۆشخانە کاری حیزبیی خۆمم دەست پیکردەوە. چەند شانەمان دروست کرد. من سپاسی ئەندامانی شانەکەی خۆمان دەکەم کە زۆر جار بە خاتری من کاتی کۆبوونەوەکانیان دەگۆری، تەنانەت چەند جار لە سەر تەختی نەخۆشخانە لە نیو بۆنی دەواو دەرماندا کۆبوونەوەی دریژخایەنمان دەگرت. کە لە نەخۆشخانە نیوە رزگار بووم، یانی چەند رۆژ لە مال چەند رۆژ لە نەخۆشخانە، وەزنم ٤٧ کیلۆ بوو. دەزگای کۆپی کردنو نووسینم کری. زیاتر لە دوو سال بەشی ئینتشاراتی حیزب لە ئیسکاندیناویم وەئەستۆ گرت. بە سەدان جار لە پشت دەزگای کۆپی کردن خەوم لیکەوتوەو چەند جار لە پشت میزی کۆپیو نووسینی ئادرەسەکان، بیهۆش بووم.

**پ: کارە سەرەتاییەکانت چۆن دەست پیکرد؟**

و: وینەی چەند هاوریی شەهیدم دەگەل خۆ هینابوو کە بۆخۆیان لە پشتی زۆربەی وینەکان نووسیبوویان "لە بیرمان نەکەی." بۆ من روون بوو کە ناتوانم لە بیریان کەم. بەلام پرسیارم لە خۆم دەکرد باشە ئەی چۆن بتوانم بە دنیاو نەسلەکانی دیکەشیان بناسینم. یەکەم جار بیرم لە کتیبیك بە ناوی "بەشیك لە کاروانی نەمرانی دیموکرات" کردەوە. لە هەرکەس کە زانیبام وینەیەك یا زانیارییەکی لە سەر شەهیدیك لە لایە، داوای هاوکاریم لیدەکرد. کامپیۆتیرو ئینتیرنیت وای لیهات کە خەلکی ئاسایش بتوانن وەدەستی بینن. منیش کامپیۆتیرم کریو دەگەل دنیای ئینتیرنیت ئاشنا بووم. زوو تیگەیشتم کە لە ریگای ئینتیرنیتەوە دەتوانم کە سایتی شەهیدانی حیزبی دیموکرات دروست کەمو وینەو کورتەیەك لە ژیاننامەی هەزاران شەهید، ئەو گەورە پیاوانەی کە رۆژی تەنگانە دەفریای گەلو نیشتمانەکەیان کەوتنو بە فیداکردنی گیانی خۆیان ئالای شۆرشیان٥٧ سالە شەکاوە راگرتوە، بینمە سەر ئینتیرنیت. بۆ ئەم کارە لە باری تیکنیکییەوە مامۆستای بەریزم کاك دیلان سالە یارمەتیی زۆری داوم.

**پ: وینەو زانیاری لە بارەی چەند شەهیدەوە لەو سایتەدا هەیە؟**

و: هەتا ئیستا توانیومە وینەو ناوو ناوبانگو سالی شەهیدبوونی ١٣٠٠ شەهید لەم سایتە پیرۆزەدا کۆکەمەوە. کورتەیەك لە ژیاننامەی چەند هاوریی شەهیدیش بنووسمەوە. ئاواتەخوازم بە یارمەتیی هەموومان بتوانین کورتەیەك لە ژیاننامەی هەموو شەهیدەکان بنووسینەوە. ئەم شەهیدانەی کە وینەیانم دەست نەکەوتوە لە بەشیکی تایبەتیدا بە شیوەی گونجاو کۆیان دەکەمەوە.

**پ: ئەم ئیبتکارەی بەریزتان چۆن پیشوازی لیکراوە لە لایەن بینەرانی ئینتیرنیتەوە؟**

و: لە هەر شوینیکی ئەم جەهانەدا کە کوردو ئینتیرنیت هەیە بە ناردنی وینە، زانیاری لە سەر شەهیدیك، راست کردنەوەی هەلە، پیشنیارو رەخنە. ژیاننامە، بیرەوەری، بە نامەو فاکسو نامەی ئەلیکترۆنیکی پیوەندییان دەگەل گرتوومو بە سەدان نامەی سپاس بۆ ئەم کارە پیرۆزەو داوای سەرکەوتن بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانم بە دەست گەیشتوە.

**پ: ئەو کەسانەی یا ئەو ئۆرگانو لایەنانەی بۆ ئامادەکردنی ئەم سایتە هاوکاریت دەکەن کین؟**

و: شتیکی سروشتییە کە گەورەترین سەرچاوە بۆ ئەم کارە ئارشیوی حیزبی دیموکراتە کە ئیستا بە سەدان وینەو ژیاننامەی دیکە ئامادەن کە بە پیی کات دینە سەر هیلی ئینتیرنیتو لە بەشی کۆمەلایەتیی حیزبەوە چاوەروانی هەزاران وینەو ژیاننامە دەکەم کە قەرارە لە دەرفەتی گونجاودا بۆم بنیرن. سەرچاوەی دووهەم کە بە راستی من شانازییان پیوە دەکەم بنەمالەو هاوسەنگەرانو دۆستانو هاوکلاسییەکانی شەهیدانو ئەندامانو لایەنگرانو دۆستانی حیزبی دیموکراتی کوردستانن. هەتا ئیستا زیاتر کاتی خۆم بۆ ئامادەکردنی وینەو ناو، ناسناوو سالی شەهیدبوونی شەهیدەکان تەرخان کردوە، لە بەر ئەوەی بە راستی ئەوەندەم لە لایەن بنەمالەی شەهیدەکانەوە نامە بۆ دی کە بۆچی شەهیدی ئەو بنەمالەی تیدا نیە، ناچارم جاری زۆربەی کاتەکەم بۆ ئامادەکردنی وینەکانو ناوو ناسناوی ئەوان تەرخان کەم. لە کاتی گونجاودا بە هاوکاریی هەموومان کورتەیەك لە ژیاننامەی خۆشەویستانی شەهیدمان دەنووسین.


**پ: بۆ ئەوەی سایتەکە لە بارەی وینەو زانیارییەوە لە سەر شەهیدەکان دەولەمەندتر بی، چ داواو چاوەروانییەکت لە بنەمالەو هاورییانی شەهیدەکان هەیە؟**

و: بە راستی من ناتوانم لەوە زیاتر داوای هاوکاری لە خۆشەویستان بکەم. بەلام تکا لەو کەسانە دەکەم کە ئەگەر دەزانن وینە یا ناوی شەهیدیك لە ئارشیوی حیزبدا نیە بۆم بنیرن. وینەی واهەیە کە بۆ خۆی ژیاننامەیەکی پیویستە[ کە بۆی بنووسری] شەری دیوە، بریندار بووە، خوینی پیوەیە، زیندانی کیشاوە، شکەنجە دراوەو بیحورمەتی پیکراوە، چەندین سال لە ژیر خاکدا نیژراوەو ئیستا وەك سومبول لە سەر هیلی ئینتیرنیت بە بینووسینی وشەیەك بە قەرا کتیبیك لە سەر "تاوانی کوردبوون"ی خاوەنەکەی، شتمان پیدەلی. وینەی واهەبووە کە زیاتر لە دە سەعات کارم لە سەر کردوە. بەشیکی کارەکانی ئەمسال تەرخان کراوە بۆ شەهیدانی بیدیفاع.

**پ: لە رۆژی ١٠ی خاکەلیوە، رۆژی شەهیدانی کوردستاندا چ پەیامیکت بۆ بنەمالەی شەهیدانو هاوسەنگەرانو هاورییانی شەهیدەکان هەیە؟**

و: من لە رۆژی دەی خاکەلیوەدا، جگە لە سلاو بۆ بنەمالەی شەهیدان ناتوانم هیچی دیکە بلیم. بەلام داوا لە هەموو کەسیکی ئازادیخوازی کوردستان دەکەم کە نەك هەر لە رۆژی دەی خاکەلیوەدا، بەلکوو هەموو رۆژی بنەمالەی شەهیدان کە دەزانن لە بواریکەوە پیویستیان بە یارمەتیی ئیوە هەیە، یارمەتیان بکەن. ویرای سپاسو پیزانین بۆ هاوکاریو دلسۆزیی هەموو ئەو کەسانەی کە لەو بارەیەوە یارمەتییان داوم، بە تایبەتی ئەو کەسانەی کە لە کوردستانی ئیرانەوە بۆ ئەم کارە پیرۆزە گیانی خۆشیان لە مەترسی هاویشتوە، داوای لیبووردنیش لەو بەریزانە دەکەم کە نەمتوانیوە وەلامی نامەکانیان لە کاتی خۆیدا بنیرمەوە یا هەر نەم ناردۆتەوە. بە راستی هەر وەلام دانەوەی نامەکان نەفەریکی پیویستە.

❊❊❊



سەلاح شەشە

## راستکردنەوەی هەلەیەك

لە رۆژنامەی "کوردستان" ژمارە ٣٦١، لاپەرە ٣دا ناوی "کۆمەلەی شۆرشگیری زەحمەتکیشانی کوردستانی ئیران" بە هەلە ریکخراوی شۆرشگیری زەحمەتکیشانیکوردستان نووسرابوو کە لەگەل داوای لیبووردندا ئەم هەلەیە راست دەکەینەوە.

**رادیۆ دەنگی کوردستانی ئیران هەموو رۆژی**

**بەیانیان سەعات ٦/٥ تا ٨/٥**

**ئیواران سەعات ٦ تا ٨**

**بەکاتی تاران**

**لەسەر شەپۆلی کورتی ٧٥ میتر (فریکانسی ٣٩٨٥ کیلۆهیرتز) بە دوو زمانی کوردیو فارسی بەرنامە بلاو دەکاتەوە.**

**بەرنامەی کوردی سەعاتی ١٢/٥ی پاش نیوەرۆ بەکاتی تاران لەسەر شەپۆلی کورتی ٤١ میتر بەرامبەر بە ٧٢٥٠ کیلۆهیرتز دووپات دەبیتەوە.**

**ژمارە تەلەفونو فاکس بۆ پیوەندیگرتن بە رادیۆی دەنگی کوردستانی ئیران**

**٠٠٨٧١٧٦٢٢٨٠٧٣ :تەلەفون ٠٠٨٧١٧٦٢٢٨٠٧٤:فاکس**

**لە دەرەوەی ولات یارمەتییە مالییەکانی خۆتان بۆ حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران بدەن بەم حیسابە بانکییە:**

C.C.P PARIS 68040
M020
FRANCE

**فیشە بانکییەکەشی بۆ ئەم ئادرەسە پۆست بکەن:**

A.F.K.B.P.102 75623
PARIS CEDEX 13
FRANCE

**بۆ هاوکاریی زیاتری هیزە دیمۆکراتو پیشکەوتووەکانی ئیران تیبکۆشین**

KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 363 20 Apr 2003

رادیۆی دەنگی کوردستان ئیران لەسەر تۆری ئینتیرنیت:
www.kurdistanmedia.com
rdk_iran@yahoo.com

بۆ خوێندنەوەی چاپەمەنیی حیزبی دێمۆکراتی کوردســتانی ئـێران و وەرگرتنـی زانیـاری لـەبارەی حـیزب،
براونە ئەم ئادرەسانەی خوارەوە لەسەر ئینتێرنێت:

http://www.pdk-iran.org
e- mail:
pdkiran@club-internet.fr

www.kurdistanmedia.com
e- mail:
kurdistanmedia@yahoo.com

## ژمارە ٥ی گۆڤاری "ژنان" بلاو بۆوە



پینجــــــەمین ژمــارەی "ژنـــان" گۆڤـاری یەکیـــەتیی ژنــانی دیمۆکراتـــی کوردســتانی ئــیران، وەك چــوار ژمـــارەی رابردوو، لە چـاپیکی جوانداو بە کۆمەلیك بابەتی جۆراوجۆرەوە، چاپو بلاو بۆوە.

لە تازەترین ژمارەی "ژنـان"دا، راپۆرتـی ریورەسمـی ٢٤ی رەشـەمە (٥٧ سـالەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنان)و ئــەو وتارانــەی لــەودا پیشــکیش کراون، چەند بابــەت لــەبارەی فیمینـیزم، کۆمــەلیك هــەواڵو راپۆرت لەبارەی یەکیــەتیی ژنـان، ژنـانی کوردسـتانو ئـیران بەرچاو دەکەون. هەروەها چەندین بابــەتی ئـەدەبی، سیاســیو گشتی، بە قەلەمی ژنان یا لەبارەی ژنانــەوە، لــەو ژمارەیــەدا سەرنج رادەکیشن.

پیرۆزبایی دەرچوونی ژمارەی تازەی "ژنان" لە یەکیــەتیی ژنانی دیمۆکراتو خوینەرانو ئۆگرانی ئەم گۆڤارە دەکەین.

## هیوایەکی نوی بۆ زالبوون بە سەر ڤایرووسی سارسدا



لە ســـەرەتای مـانگی ئـاوریلی ئەمسـالدا ریکخراوی جیهانیی لەشســاغی بــەو کەسـانەی سەفەری ئوستانی "کوانگ دانگ" لە جنووبــی چینیـان بــە دەســـتەوە بـــوو، راگــەیاند کــە سەفەرەکەی خۆیان دوابخەن. ئەم وریا کردنەوەیــە سەبارەت بەوە بوو کەوا دەهاتە بەرچاو ئوستانی نـاوبراو شـوینی سـەرهەلدانو بـلاو بوونـــەوەی نەخۆشی‌یەکی پرمەترسی بە ناوی "سارس" بی.

ئیستا زاناکان گەیشــتوونەتە ئــەو ئاکامــە ڤایرووسیك کە لە حەوتووەکانی رابردوودا بـــووە بە هۆی مەرگی زیاتر لە ١٥٠ کەس، جۆریکــی تازەیە لە ڤایرۆسی هەلامەت (سرماخوردگی).

ریکخراوی جیهانیی لەشساغی رای‌گــەیاند تاقیکردنەوەکان نیشان دەدەن ئەم ڤایرووسە کــە کۆئــەندامی هەناســەدان تووشـی گـیرو گرفتـی جیددی دەکا، جۆریکی کشاو (جهش یافتە) لــە ڤایرووســی "کورونـا"یــە کــە مــرۆڤ تووشـــی هەلامەت دەکا.

کاربەدەســتانی ریکخــراوی نـاوبراو لـــەم دۆزینەی خۆیان خۆشحالنو دەلین بە هــۆی ئــەم کەشفەوە زاناکان دەتوانن دەرمانو چۆنیەتیی زالبوون بە سەر ئەو نەخۆشی‌یانەدا بدۆزنەوە.

ئــەم کەشــفە بەرهـــەمی تاقیکاری‌یـــەکانی لیکۆلــەرانی زانســتگەی "ئـــاراسموس"ی هولــەندە. لــە ســەر یــەك ١٣ تاقیگــە لـــە سەرانســەری جیــهان لــە پیوەنـــدی لەگــەل نەخۆشیی "سارس"دا هاوکاریی ریکخــراوی جیهانیی لەشساغی دەکەن.

تا ئیستا نزیکەی ٣٠٠ کەس لە زیـــاتر لە ٢٠ ولاتی جیهان تووشی ئەو نەخۆشـــی‌یە بوون. سارس زیاتر لە هەر ولاتیکی دیکـــە، قوربانیی لە چینو هۆنگ کۆنگ ئەستاندوە.

سەرچاوە BBC Persian

## شەری ئەم دوایی‌یانەی ئەمریکا و هاوپەیمانان لە روانگەی کاریکاتوریستەکانەوە

## ئــەمجار نــۆبــەی کــێیــە؟







لە راپۆرتی ساڵانەی ریکخراوی نیونەتەوەیی لیبووردندا:

## کۆماری ئیسلامی لە ئیعدام کردندا مەقامی دووهەمی هەیە!



ریکخراوی نیونەتەوەیی لیبووردن لە راپۆرتی ســالانەی خــۆیدا رای‌گــەیاند ئــەو ریوشــوینە نیونەتەوەیی‌یانەی پیوەندییان بە کەلك وەرگرتن لە سزای ئیعدامەوە هەیە، وەبەرچاو نــەگیراون. زیندانی‌یەکان بە دوای موحاکەمە کردنی دوور لە عەدالەتو ئینسافدا بــە ئیعدام مــەحکووم کراون. تەنانەت مندالانی تاوانباریش لەم سزایە بی‌بــەش نــەبوون. ئــەو ریکخراوەیــە داوای لــە کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ کردوە لە دژی بەریوەچوونی سزای ئیعدامو بە مەبەستی کۆتایی هینان بە دەرچوونی حوکمی ئیعدام هەنگاوی جیددی بنی.

راپۆرتی ریکخراوی نیونەتەوەیی لیبووردن لە باری سالی ٢٠٠٢وە دەلی: لە سالی رابردوودا لانی کەم ٣٢٨٤ کەس لە ٦٧ ولاتی جیهان ئیعدام کراون. ١٦٠٠ کەس لەوان لــە ولاتــی چین، ١١٣ کەس لە ئیرانو ٧١ کەس لە ئەمریکا ئیعدام کراون. واتە سەدی ٨٠ی ئیعدامــەکان لــەو سی ولاتە بوون. ئەو ئامارانەش تەنیا ئەو ئیعدامانە دەگریتەوە کە بە ئاشکرا بەریوە چوونو بــە رەسمی راگەیەندراون.

رادیو فەردا

## تەبلیغاتی تەلەویزیۆنی کۆماری ئیسلامی، شوینەواری پیچەوانەی هەبووە



ســـــینا موتـــــەللیبی نووســــەری رۆژنامەی "حیات نــو"، رۆژی ٣١ی خاکـــــەلیوە، رەوانــەی زینـــدان کرا.

وەك هەموو رۆژنامەنووسیکی راستویژو رەخنەگر، ئــەویش بە تــاوانی جۆراوجــۆر وەك تــەبلیغ لــە دژی نــیزامو شــیواندنی راستی‌یەکانو هتد، زیندانـــی کـراوە. بــەلام دوانووســینی ئــەو رۆژنامەنووســە نیشــان دەدا کــە تاوانەکــەی راســتی گوتـــنو هەقویژی‌یە. سینا موتەللیبی ویبلاگیکی پربینــەری هەیــە بــە ناوی "ویبگەرد". ناوبراو کاردانەوەی تەبلیغاتی دەنگ‌ورەنگی کۆماری ئیسلامی لە سەر بیرورای گشتیی خــەلکی ئــیران بــەم جــۆرە هەلســەنگاندوە: "رایــۆرتو هەوالــەکانی تــەلویزیۆنی کۆماری ئیسلامی لە دژی ئەمریکاو کردەوە نیزامی‌یەکانی لــە عیراقدا، شوینەواری پیچەوانــەیان لــە ســەر بــیرورای گشــتیی خەلکی ئیران دەبیو بە قازانجی ئەمریکا تەواو دەبن. دەنــگو رەنگی کۆماری ئیسلامی خۆپیشاندانی ٣٠٠کەسی لە بــەغدا، یا تەنانەت خۆ پیشاندانی ١٥هەزار کەسی لە ناسـریە لــە دژی بوونی هیزەکانی ئەمریکا لە عیراق نیشان دەدا. بــەلام کــاتیك ئەوانــە لــە تــەلویزیۆنی کۆمــاری ئیســلامی نیشــان دەدریــن، بینەران بــە نیشــانەی ئــازادبوونی خــەلکی عــیراقی دادەنیــن. بەگویرەی وینەکانی تەلویزیۆنی کۆماری ئیسلامی، خــەلك لــە ژیر ســیبەری دەســەلاتی داگیرکــەراندا نارەزایــەتی دەردەبــرن. بەلام خەلك وای لیك دەدەنەوە کــە ئــەو هیزانــە جگــە لــەوەی ئیجازەی خۆپیشاندان دەدەن، ریگاش دەدەن بـــە هــەوالنیرەکان کە وینەیان بگرنو لە هەموو جیهاندا بلاوی بکەنەوە.

## مــرواریــی دەریــای وشــە

ئەگەر مافی بریاردان لە بارەی جۆری دەسەلاتدارەتی‌یەوە بۆ هەر نەســلیك رەوا بــی، ئەوکات هیچ نەسلیك بۆی نیە ئەم مافــە لــە نەســلەکانی دوای خــۆی زەوت بکــا. لەوانەیــە نەسلیك دیموکراسی وەلابنی یا مل بۆ دیکتاتۆری رابکیشی، بەلام نەسلی دوای ئــەو، مــافی بی‌ئەملاو ئەولای خۆیەتی کە ئەم بریارانە هەلبوەشینیتەوە. "ئانتۆنی ئاربلا ستیر"



## "نەمگوت تا سەر هەر وا نابی . . ؟!"

ع. وریا

**لــە کــۆ ئــەسرین دەبارینم لــە بــۆ کــوردی پــەراکەندە**
**لە گەرمین غەرقی ئارەق بوومو چاوم هەر لە سامرەندە**
هیمن موکریانی

لە پەنجەرەی پۆلەکەمانەوە دەروانمە شیمالی رۆژئاوای کولیـــە. بــە ســەر چیــاو بەندەنەکاندا، بۆ سامرەندو کیلەشینی نەدیو چاو دەگیرم. هیلیکــی سـپیی مــەودا کورت لە تەشقی ئاسمان کە شوینەواری رابردنی فرۆکەیەکی ئەمریکایی‌یە، نەك هەر خەیالم لە سەفەر بۆ زیدو دیاری خۆمو رۆژانـــی مندالیم، دوور ناخاتــەوە، بــەلکوو دەبیتە پردو زووتر دەمگەیەنیتە جی.

لە کولیەرا بە قەلەمبازیك سنووری مەکانو زەمان دەبرمو دەستبەجی دەچمەوە ژووری پۆلی یەکی ناوەندیو مەدرەسەی غەززالیی ئەوکات. یادیان بەخیر! دەچمەوە بۆ ئەو کاتەی بە پیچەوانەی ئیستا ـ کە لە ئاکامی زیاتر لــە ٢٠ ســال دابــران لــە خوینــدن، بــە تەمــەنترین خوینــدکــاری پــۆلم ـ بچووکــترین قوتــابیی پــۆل بـــووم. نیوەراستەکانی یەکەم مانگی بەهاری سالی ١٣٥٤م دیتەوە بیر. ئــەو کــاتیش وەك ئیستا لە پەنجەرەی پۆلەکەمانەوە دەمروانی بۆ ئاسمان، بۆ خۆرئاوای شارو بۆ ئاسمانی سەر کیلەشین. ئەو کاتیش هیلیکی بازنەیی سپیم لە ئاسماندا دەبینی کە دووکــەلی فرۆکەی جیتی ریژیمی شایەتی لە کاتی بادانەوە لە سنووردا بوو. ئــەو کــاتیش وەك ئیستا چارەنووسی خەباتی لە میژ سالەی ئەم بەشەی کوردســتان ببــووە مانشــیتو تیتری زۆریك لە رۆژنامەکانو بەرنامەی زۆر لە رادیۆو تەلەویزیۆنــەکانی بــە خــۆوە خەریك کردبوو. بەو جیاوازی‌یەوە کە ئەوکات لە هەموو جی‌یەك، باس هــەر باســی ناکامیو تیکشکانی شۆرشـــی کــورد بــوو؛ بــاس هــەر باســی خەیانــەتی "ئــەعلا حەزرەت" بە شۆرشی کورد بوو؛ باس هەر باسی کارەساتی ئــاوارە بوونــی هــەزاران بنەمالەی کوردو مانەوەیان لە نیو بەفرو سەرمای چیای کیلەشیندا بوو؛ بــاس هــەر باسی هەلکەنرانی خەلکی کوردستانی عیراق لە گوندو شاری خۆیانو تیــك تــەپانی مالەکانیان، وشك کرانی کانیاوەکانیانو تیکدرانی رەزو دیبەرو باغەکانیان بوو...

ئەو کات، ئیمە هەر کە لە مەدرەسە دەگەراینەوە، لە شەقامو بولوارو مەیدانی وەرزشــی، پــۆل پــۆل ئــەو خەلکــە ئــاوارە تــۆز لینیشـــتووو لـــە ســـەرمان رەش هەلگەراوەمان دەبینی کە تـــەنیا بــە جلــی بەریانــەوە، بــە ماشـینو تــەراکتۆر لــە سنوورەوە دەیان هینانو دەیان بردنــە ئۆردووگاکــانی "زیــوە"و "نــەلیوان". بــەلام ئیستا دوای تیپەرینی ٢٨ سال لەو کات، باس هەر باسی رزگار بوونی گوندو شارو ئەو ناوچانەیە کە تەنیا لە خەونو خــەیالو ئاواتــەکاندا، رزگــار بوونیــان دەگونجــا. ئیستا بۆ یەکەم جار لە میژووی تازەی کورددا، تەنانەت تاقە بســتیکی پارچەیــەك لەم کوردستانە نەماوە بای ئـــازادی نەی‌گرتبیتــەوەو تیشــکی خــۆری سەربەســتی، رووناکی نەکردبیتەوە. ئیستا باس هەر باسی گەرانەوەی ئەو مرۆڤانە بۆ نیـــو زیـــدو دیارو شاری خۆیانە کە خۆم ئاسایی چەندین سالە خۆزیای نەمانی زۆرداری لە ســەر کوردستانەکەیانو ولاتەکەیان لە دلدا، پەروەردە دەکەن. باس هەر باســی بــە مــراد گەیشتنی ئەو کەسانەیە ئاواتی گەرانەوەی سەربەرزانە بــۆ نیــو مالــەکاولکراو، یــا زەوت کراوەکانیان، پاشی عومریك چــاوەروانی، هاتۆتــە دی. ئیســتا باســی ئــازاد بوونی نەك یەك گوندو، نەك یەك ناوچەو، نەك یەك شارو، نەك بەشیکی کوردستان، باس باسی رزگار بوونی ولاتیکە بە کوردستانەکەشی‌یەوە.

***

بەیانیی رۆژیکی جوانی خۆشترین بەهاری ئەم ولاتەیە. پاشی مانگیك داخرانی کولیە بە هۆی شەرەوە، هاوپۆلەکانمانو خویندکارانی پۆلــەکانی دیکــە گەراونــەوە. کــوران، کــورانو، کچــان، کچــان دەگرنــە ئــامیزو پیرۆزبــایی لیکــتر دەکــەن. وەك راوچی‌یەکی خۆمەلاسداو لە نیچیر، وەك وینەگریکی ســوژە ئــەنگیو، لــە چەشــنی هونەرمەندیكو نووسەریکی تیژبینو هەستیار، کە نرخــی ئــەم ســاتە میژوویی‌یانــە تی‌دەگەنو دەیانەوی بە باشترین شیوە بە زەینیان بسپیرن تا بـــە کامیراکــەیان، بــە فلچەکەیانو بە قەلەمەکەیان تۆماریان بکەن، لە گۆشەیەکەوە لییان دەروانم.

ئای چەند خۆشە کە دەبینمو دەبیسم بە بۆنەی وەدیهاتنی ئەو ئاواتانــەیان کــە زۆربەیان کەسیك یا چەند کەسی خۆیان لە پیناویاندا بەخشیون، بە گەرمی پیــكدا دەنووسین. ئای چەند شادم کە لە قاقایان، لە شەققەی ماچانیــان، لــە بزەیــانو لــە خۆشیو شادیی بی‌وینەیاندا، زەنگی کۆتایی چەندین سال نەهامــەتیو رۆژرەشــیو، مزگینیی دەستپیکردنی بەهاری ئازادیو بەختیاری، دەبینم.

لە پال خــۆمدا دەکولــم. بــە دەم پی‌دەکــەنمو بــە چــاو دەگریــم، بــەلام نــاهیلم فرمیسکەکانم ببینن تا پییان وانەبی خۆم بە غەریبو لەوان بە جیا دەزانم، یــا زگــم بە خۆم دەسووتی. لە دلی خــۆمدا دەلیــم : نــا، ئــازیزان! خۆشــیی ئیــوە، خۆشــیی منیشە. منیك کە عاشقو سەوداسەری ئازادیو هەلوەدای رزگار بوونم؛ منیــك کــە دەرویشی ٢٣ سالەی تەکیەی کوردایەتیم؛ منیك کە راونراو و دەربــەدەری رەفتــارو سیاسەتی دیکتاتۆری‌یەکی خوینریژم؛ منیك کە نەك هــەر رزگــاریی بەشــیکی ئــەم کوردستانە، بەلکوو رزگار بوونی هەر گەلو نەتەوەیەك لــە ســتەمو چەوســانەوە بــە مزگینی‌یەك بۆخۆم دەزانم؛ لە نیوتاندا هەست بە غەریبی ناکەم.